# کەرتبوون لە نێو پارتە سیاسییەکان لە باشووری کوردستان ١٩٧٥-١٩٨٠
# (یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بە نموونە)

پ.ی. د. ئارام عەلی مستەفا
زانکۆی سلێمانی
کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان / بەشی مێژوو

م. ی. کاوە طیب جلال
زانکۆی کۆیە
کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان / بەشی مێژوو

**الملخص**

من السمات المعروفه فى تاريخ الأحزاب السياسية الكردية بكردستان الجنوبية خلال النصف الثانى من القرن المنصرم، هي ان تاريخها لا يخلو من ظاهرة التناحر والأنقسامات السياسية التى أدت الى نشوب الحروب والأقتتال الداخلى فيما بينها، و تعد سنوات (١٩٧٥-١٩٨٠) مرحلة جديدة من هذا التأريخ، لكونه شهد ظهور بدايات التعددية السياسية فى هذا الجزء من كردستان، و يعد ذلك تجربة جديدة وحديثة العهد فى الساحة السياسيه الكردستانية، الأمر الذي فتح الأبواب أمام جملى من التطورات و منها الصراعات الداخليى، فضلا عن اشتداد حدة النضال و الكفاح العسكري المسلح، وعلى اثر ذلك ظهرت مشاكل داخلية عدة في صفوف الأحزاب السياسية و أدى ذلك بطبيعى الحال إلى تفكك بعضها وتعرض بعضها الآخر للأنقسامات، و هذه الظاهرة أجبرت الأحزاب على الأنشغال بمشاكله الداخلية على حساب مواصلة الكفاح المسلح و أدى كل ذلك الى ألحاق خسائر فادحى بالبنية السياسية والعسكرية لهذه الأحزاب، كما لم يكن بإمكانها الإستفادة للحد المطلوب من الحرب العراقية والإيرانية المتواصلة، والإى هيأ ظروفا سياسية مناسبة للحركة التحررية الكردية ان يتوسع ويتطور إلى الأمام، و بالتالى فإن نهاية هذا الحرب قد اثر بشكل كبير فى مصير هذه الاحزاب وأهدافها و برامجها النضالي، فتم قمع نشاطاتهاالعسكرية بالحديد والنار و دون تمييز يذكر بينها، وفى الوقت نفسه و كنتيجة مباشره لذلك، مر المجتمع الكردى كله بمرحلة تاريخية فى غاية الخطورة و بأحلك ايامها، وانتهج النظام العراقي سياسة التطهير والابادة بحق الشعب الكردي والتى وصلت ذروتها بعمليات الأنفال وقصف بلدة حلبجة بالأسلحة الكيمياوية المحظورة دولياَ، و هذا البحث يهدف الى رصد و دراسه هذه الأحداث، وتحليلها نظرا لأهميتها، خاصة الأحداث في داخل صفوف الاتحاد الوطني الكردستاني، الذي تأسس بعد النكسة ١٩٧٥ من ثلاثه تنظيمات ذات اختلافات و توجهات سياسية مختلفة، التي سرعان ما تطورت إلى خلافات تناحرية و أنشقاق وأقتتال داخلي، الذي استمر عدة سنوات و الحق خسائر جسيمة بجميع الأطراف و ضرراَ كبيراَ بالحركة التحررية الكردية بشكل عام، وكذلك لأخذ العبرة منها في تاريخ الحركة التحررية الكردية.

**Abstract**

Looking back to the history of Kurdish political parties, we see a lot of division, conflict and in-fighting among them compared to other global party split or defection in the political world arena except for (1975-1980), which was seen as a new phase in the political history of Southern Kurdistan. That phase was seen as a political pluralism in that part of Kurdistan, though it was

something novel in the Kurdistan political spectrum. This opened a door for a lot of domestic problems, despite their struggle due to that a lot of political problems came about among the political parties, which split the parties. This had resulted domestic conflict among themselves, which they paid the price, because of that conflict they failed to get use from the Iran-Iraq war, which was a golden opportunity to unify themselves and moving forward their cause a step in the right direction.

## پێشەکی

کەرتبوون، کە یەکێکە لە ڕووەکانی ململانێی سیاسی لە ئاست ناوخۆی پارتەکان و درزکەوتنە جەستەی حزبی دایك و دەرکەوتنی چەند حزبێکی تر، دیاردەیەکە مێژووی پارتە سیاسییەکانی کوردستان لێی بەدەر نییە. بە ئاوڕدانەوە لە مێژووی پارتە سیاسییە کوردییەکان تۆمارێکی زۆر لە جیابوونەوە و ناکۆکی و ململانێی و شەڕی ناوخۆیی بەدیدەکرێت، بەراوردکردنی ئەو جیابوونەوانە بە وڵاتانی جیهان، ڕەنگە ئەو دیاردەیە لە پارتە سیاسییە کوردییەکان زیاتر ڕوویدابێت، ئەوەی لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا بێت، بریتییە لەو کەرتبوونەی کە لە نێوان ساڵانی(١٩٧٥- ١٩٧٩) دا لە گۆڕەپانی سیاسی و پارتە سیاسییەکانی باشووری کوردستان ڕووی داوە، وێڕای ئەوەی ژیانی سیاسی و ڕێکخراوەیی کۆمەڵگەی کوردەواری لە لایەن وڵاتە داگیرکراوەکان لە ژێر گوشار و ئاستەنگییەکی زۆر دەبێت، بە هۆکاری ئەوەی گەلەکۆمەکێیەکی گەورەی هەرێمیی و نێودەوڵەتیی وەکو ڕێککەوتنی جەزائیر ئەنجامدرابوو، بە هۆیەوە کۆتایی بە گەورەترین جوڵانەوەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پارتێکی گەورەی وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان هێنرا، ئەو پارتە هاوکات خاوەنی توانایەکی مرۆیی و ماددی و مێژوویەکی درێژی ١٤ ساڵە بوو لە بەرخۆدان دژی داگیرکەران و بەو شێوەیە گۆڕەپانی سیاسی کوردستان بۆشایی تێکەوت.

ماوەیەکی کورت لە دوای هەرەسهێنانی شۆڕشی کورد لە ١٩٧٥ پارتی دیموکراتی کوردستان، هەر لەژێر هەمان ناودا، بە چەند فۆرم و شیوەی جیاواز، وەك سەرکردایەتی کاتی و کۆمیتەی ئامادەکاریی دەستی بە خەباتی سیاسی و چەکداریی کردەوە و بەشێکیش لە کادرە سیاسیی و فەرماندەکانی پێشمەرگە پارت و ڕێکخراوی سیاسی تریان دروستکرد، بەڵام دروستبوونی یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان، لە چەند ڕێکخراوێکی وەك کۆمەڵەی مارکسی لینینی و بەشێک لەو کادر و سەرکردانە دروستکرا، کە لەنێوان ساڵانی ١٩٦٤ – ١٩٧٠ لەژێر ناوی پارتی دیموکراتی کوردستان/ باڵی مەکتەبی سیاسی کاریان دەکرد، بوو بە سەرەتای ئەو ئاڵوگۆڕە گەورەیەی لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردییدا ڕوویدا. هەرچەندە ئەمە دەبوو ببێتە دیاردە و سەرەتایەکی باش بۆ فرەپارتایەتی و پلۆرالیزمی سیاسی لە باشووری کوردستاندا کاریگەریی لە پێشخستنی سەرجەمی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان هەبێت، بەڵام بەهۆی ئەو پاشخانە نادۆستانەیەی، کە هەر لە شەستەکانەوە هاتبووە ناو بزووتنەوەکە و نەڕەوینەوەی ئەو ڕقوکینەیەی شەڕی براکوژیی ساڵانی ١٩٦٦ – ١٩٧٠، کە لە ئەنجامی ناکۆکی ئایدیۆلۆجییدا دروستببوو، ئەم ناکۆکیی و یەکترنەخوێندنەوە و تەنانەت هزری سڕینەوەی یەکتر لەناو بزووتنەوەی سیاسی کوردی قۆناغی دوای شۆڕشی ئەیلول هەر بە زەقی مابوو. دروستکردنی یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان، وەك هاوپەیمانییەك و چەترێك بۆ کۆکردنەوەی بیروڕا و ئاڕاستە جیاوازەکان نەیتوانی کۆتایی بە دۆخی یەکترسڕینەوە و ملشکاندنی یەکتر بێنێت و هەمووی ٢ – ٣ ساڵێکی نەخایاند، ناکۆکییەکان تەقینەوە و قۆناغێکی تری کەرتبوون و ناکۆکی خوێناویی پەیدابووەوە، بەتایبەتیی لەنێوان بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و دوو باڵەکەی تری ناو یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان و دروستبوونی حیزبی سۆسیالیستی کوردستان.

**هۆكاری هەڵبژاردنی ناونیشانی لێكۆڵینەوە :** تاكو ئێستا توێژینەوەیەكی ئەكادیمی سەربەخۆ لەو بارەیەوە ئەنجام نەدراوە، ئەوەی هەیە چەند نامەیەكی ماستەر و چەند تێزێكی دكتۆرایە كە تایبەتە بە مێژووی پارتە سیاسییەكان، بە شێوەیەكی گشتی، لە دووتوێی توێژینەوەكانیان بە خێرایی بە سەر ئەو بابەتەدا گوزەریان كردووە، یاخود چەند بابەتێك لە رۆژنامە و گۆڤارەكاندا بڵاو كراونەتەوە ئەویش ناچێتە خانەی ئەكادیمیەوە، هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ ئەوەیە رۆشنایی بخەینە سەر هۆكار و ئاكامەكانی كەرتبوون لە پارتە سیاسییەكانی باشووری كوردستان، بەتایبەتیی یەكێتی نیشتیمانیی كوردستان، و كاریگەریی ئەو جیابوونەوانە لە سەر بزاڤی رزگاریخوازی كورد و شوێنەوارەكانی لە سەر كۆمەڵگای كوردی لەو ماوەیەدا زانستیانە شیبكەینەوە.

**گرنگی توێژینەوەكە:** جگە لەوەی ماوەی ساڵانی(١٩٧٥-١٩٨٠) بە قۆناغێكی نوێ لە مێژووی پارتە سیاسییەكانی باشووری كوردستان هەژمار دەكرێت، بەو ناوەی بە سەرەتای دەركەوتنی فرەپارتی دادەنرێت لەو بەشەی كوردستان، لە گەڵ ئەوەی كە ئەمە تاقیكردنەوەیەكی تازە بوو لە گۆڕەپانی سیاسی كوردستان ئەزموون بكرێت، ئەمە وای كرد دەرگا بە رووی كۆمەڵێك كێشەی ناوخۆیی بكرێتەوە، سەرەڕای توندی خەبات و تێكۆشان، بەو هۆیەوە كۆمەڵێك ناكۆكی لە ریزی پارتە سیاسییەكان، بەتایبەتی یەكێتی نیشتمانیی كوردستان كرایەوە، كە لەم توێژینەوەیەدا مەبەستمانە، بە هۆیەوە هێزی پارتە سیاسییەكانی ئەو كات لە ئەنجامی قوڵبوونەوەی ناكۆكییەكان ریزەكانیان توشی كەرتبوون هاتن، دەرەنجامیش ناكۆكی ناوخۆیی سەرجەم هێزە ناوخۆییەكانی بە خۆیەوە خەریك كرد، و سەرەنجام زیانمەندی یەكەم خودی پارتەكان بوون، بەو هۆكارەی نەتوانرا، دواتر سوود لە جەنگی ئێران - عێراق وەربگیرێت، كە دەرفەتێكی باش بوو بۆ  هێزە سیاسییەكان بە یەكگرتوویی بزاڤی رزگاریخوازی كورد قۆناغێك ببەنە پێشەوە، بە هۆی سوودوەرنەگرتن لەو ماوەیە، بە كۆتایهاتنی جەنگەكە  پارتە سیاسییەكان جگە لەوەی بە ئاگر و ئاسن بە بێ جیاوازی سەركوتكران تا گەیشتە لێواری نوزە لێبڕین، هاوكات كۆمەڵگای كوردیش بە تاریكترین رۆژەكانیدا گوزەری دەكرد بە هۆكاری ئەوەی رژێم بە مەبەستی قڕكردن و بنە تۆ بڕینی رەگەزیی دڕندانەترین تاوانی وەكو ئەنفال و كیمیابارانكردنی بەرامبەر كۆمەڵگای كوردەواری  بەكارهێنا.

**رێبازی توێژینەوەكە:** لەم توێژینەوەیەدا جگە لەوەی بە شێوەیەكی سەرەكی رێبازی لێكۆڵینەوەی مێژوویی لە باسكردن و گێڕانەوەی رووداو و پێشهاتەكاندا بە شێوەیەكی بابەتیانە، بە گوێرەی كاتی روودانیان لە بەر چاو گیراوە، هاوكات بە هۆی جیاوازی گێڕانەوەكان لە لایەن گەواەیدەرەكان و تێكچڕژاویی و هەستیاریی و گرنگی  بابەتەكان، بە پشتبەستن بە بەڵگەنامە و دۆكیۆمێنتەكانی بەردەست، وایكرد پشت بە رێبازێك زیاتر ببەستین، لەوانە رێبازی شیكاریی و بەراوردكاریی و رەخنەیی بۆ روونكردنەوەی زیاتری بابەتەكان بەكار هێنراون.

**پێكهاتەی توێژینەوەكە:** توێژینەوەكە لە پێشەكی و دوو باس پێكهاتووە، هەر باسێكیش بە سەر چەند تەوەرێكدا دابەشكراوە:

**باسی یەكەم:** باس لە قۆناغی سەختی خەبات و ئەو بارو دۆخە هەرێمی و نێودەوڵەتییە سەختەی  هاتبووە كایەوە بە هۆی رێككەوتنی جەزائیر كە بە هۆیەوە گەمارۆیەكی سەختی مرۆیی خرابووە سەر كۆمەڵگای كوردەواری، هاوكات لەو بارودۆخە سەختە رێكخراوێك بە بیركردنەوەیەكی جیاواز و شێوازێكی نوێوە دێتە مەیدانی خەبات، كە لە شێوەی نیمچە بەرەیەك چەند بیروبۆچوون و ئایدۆلۆژیایەكی جیاواز و كەسایەتی جیاواز لە ژێر یەك چەتر كۆدەكاتەوە.

**باسی دووەم:** تایبەتە بە پێکهاتەی ئەو باڵانەی ناو یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، وچۆنیەتی ستروکتۆری هەڵسوڕانیان، پاشان دروستبوونی ناکۆکی ناو نیمچە بەرە و، هۆکار و دەرەنجامی ئەو ناکۆکیانە، و قوڵبوونەوەی ناکۆکییەکان و لە پاشان پێکەوهەهەڵنەکردن لە چوارچێوەی نیمچە بەرە و لە پاشان هاتنە دەرەوەی باڵێکی گرنگی ناو نیمچە بەرە، لە کۆتایی باسەکەش باس لە دەرەنجامی ئەو هاتنە دەرەوەیە کراوە.

**شیکردنەوەی سەرچاوە گرنگەکانی ئەم توێژینەوەیە::** لەکاتی نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا سوودێکی زۆر لە ئەرشیفی پارت و ڕێکخراوەکان بەتایبەت(ی . ن . ك) و (حسك) و حزبی زەحمەتکێشان، کە زۆربەیان هاوسەردەم یان نزیکی روداوەکان چاپ و بڵاوکراونەتەوە، بۆیە گرنگییەکی زۆریان هەبوو، و دەکرێت وەك سەرچاوەی سەرەکی چاولێبکرێن، بەڵام لەبەرئەوەی تەنها هەڵوێست و بۆچوونی لایەنێکی تێدا دەبینرێت یان هەندێك جار بۆ شێواندنی راستییەکان و لایەنگری بۆ حزبێکی سیاسی بڵاوکراونەتەوە بۆیە بە وردی مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە. وەك( نامەی تاکەکەسی و بڵاوکراوە و بەیاننامە و رێکەوتننامەکان). لە هەمان کات دا سوود لە نامەی کەسایەتییەکان وەرگیراوە زۆرجار دەربڕی بیر و بۆچونی سیاسیی و ەزری کەسایەتییەکانیان تێدا رِەنگیداوەتەوە ، هۆکار و دەرەنجامی رووداوەکانی تێدا ئاماژە بۆکراوە.

بە هەمان شێوە بۆ بەجێگەیاندنی ئەم توێژینەوەیە، سەرچاوە کوردییەکان زانیاری مێژوویی وردن و سوودی زۆریان لێوەرگیراوە ، کە دەکرێت ئاماژەیان بۆ بکەین ، وەك یاداشت و بیرەوەری ئەو کەسایەتیانەی کە خۆیان ڕاستەوخۆ لەناو رووداوەکاندا بوون و رۆڵیان گێڕاوە ، بەڵام ئەمانیش بهەمان شێوە بەپێی تێروانینی کەسی و هەروەها بۆچوونێکی سیاسیی تایبەت نووسراون، بۆیە هەندێکیان بە وریاییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە. بە شێوەیەکی گشتی سودی زۆرمان وەرگرتووە لە زنجیرە بیرەوەرییەکانی نەوشیروان مستەفا (لەکەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن ، خولانەوە لە ناو بازنەدا) کە بریتیە لە گێڕانەوەی بەسەرهات و ژیانی نوسەر و هاوکات بەشێکی گرنگ لە مێژووی (ی . ن . ك) لە ماوەی ساڵانی (١٩٧٥-١٩٨٨) ، هەروەها (یاداشتی پێشمەرگایەتی ڕێباز : قەندیل بەغدای هەژاند) گرنگی و بایەخی گەورەیان هەبووە بۆ ئەم توێژینەوەیە.

هەروەها سود لە چەندین پەرتوکی کوردی وەرگیراوە، گرنگترینیان بریتین لە (برایم جەلال: "چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە " و "یاخی بوون لە مێژوو" نووسینی مەلابەختیار، کە پەیوەندیدارە بە بابەتەکەمان، هەروەها کتێبی شاخەوان شۆڕش: "قادر شۆڕش - چل ساڵ خەبات و تێکۆشان"، لەگەڵ چەندین کتێبی تر، کە نوسەرەکانیان لە ڕێگەی چاوپێکەوتنی راستەوخۆوە لە گەڵ ئەو کەسایەتیانەی کە هاوسەردەمی ڕوداوەکان بوون ئامادەیان کردوون، جگە لەمانە چەندین کتێبی تر، کە لە لایەن کەسانی بیانییەوە نووسراون و وەرگێڕراونەتە سەر زمانی کوردی وەك (دیڤید مەکداول: "مێژووی هاوچەرخی کورد"، گەراس ئارِ. ڤی. ستانسفێلد: "کوردستانی عێراق پەرەسەندنی سیاسی و پشکووتنی دیموکراسی". هەر لەناو سەرچاوە کوردییەکاندا سودێکی زۆر وەرگیراوە لەو توێژینەوە زانستیانەی، کە وەك کتێب بڵاوکراونەتەوە لە چوارچێوەی توێژینەوەی زانستیدا گەلێك لایەنی شاردراوەیان بە وردی خستووەتە روو وەك (سەروەر عەبدولرەحمان عومەر: "یەکێتیی نیشتمانیی"، سەلام عەبدولکەریم: "ژیانی سیاسی لە باشوری کوردستان سۆسیالیست, "عەلی تەتەر نێروەیی:"بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی"، گرنگ و پڕ بایەخ بوون بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەم توێژینەوەیە .

لە نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا هەوڵمانداوە چەند سەرچاوەیەك بەکاربهێنین، کە بە زمانی عەرەبی نووسراون یان وەرگێڕدراون، لەوانە: صلاح الخرسان: "التیارات السیاسیە"، مایکل إم. غینتر: "کورد العراق آلام و آمال. "

به مەبەستی دەوڵەمەندکردن یان پشتڕاستکردنەوەی زانیارییە وەرگیراوەکانی ناو سەرچاوە بەکارهاتووەکان، هەوڵماندواە چاوپێکەوتنی راستەوخۆ یان بەشێوەی گفتوگۆ زانیاری و بۆچوونی چەند کەسایەتییەك وەربگرین، کە زۆربەیان راستەوخۆ بەشدار و نزیکی رووداوەکان بوون، (١١) چاوپێکەوتنمان ئەنجام داوە و سەرجەمیان لای توێژەر پارێزراون. جۆرێکی تری ئەو سەرچاوانەی, کە لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتوون بریتییە لە رۆژنامە و گۆڤار, بەتایبەت زمانحاڵی پارتە سیاسییەکان، وەک رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، گۆڤاری ( رێبازی نوێ )، گۆڤاری ( کۆمەڵە).

لە کۆتایش ئەنجام و لیستی سەرچاوە و پوختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتە ڕوو.

**باسی یەکەم: دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان:**

**تەوەری یەکەم: فاکتەرە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان**

**بارودۆخە ناوخۆییەکان:** بارودۆخێکی ناوخۆیی و ئیقلیمی و جیهانی بۆ کورد زۆر ناسك و نەگونجاو بوو، لەناوخۆدا تەنها سێ مانگ بوو شۆڕشی ئەیلول زۆر بەبێ ئومێدی لە ١٩٧٥ شکستی هێنا و جاری کۆتایی هێنانی حزبایەتی و سیاسەت و کوردایەتیش بوو لەو دەمیدا، کە خاوەنی توانای جەنگی بەهێز و ناوچەیەکی فراوانی کوردستانی رزگارکراوی هەبوو، بێ ئەوەی هیچ ڕێنمایەك بەو خەڵکە بدرێت، بۆیە بە بەشێک لە ڕۆشنبیرانی چەپی کورد یاخود عەلمانیەتی کورد بە (ئاشبەتاڵ) ناوزەدیان کرد، بەو شێوەیە شاخ و گۆرەپان چۆڵ بوو، حکومەتی بەعس زۆر زاڵ بوو بەسەر کوردستاندا.(مسعود عبدالخالق،٢٠١٢: ل ١٦). دۆخێکی سیاسی تەواو تازە هاتە کایەوە کە نەدەکرا کاریگەریەتی خۆی لەسەر بارودۆخی ژیانی سیاسی داهاتووی وڵات نەبێت ، پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی کە تا ئەوکاتە ڕێبازێکی سۆسیالیستی گرتبووەبەر، وردە وردە لەو ئایدیۆلۆژیانەی خۆی پاشەکشەی کرد. هۆی سەرەکی لەم وەچەرخانەی سیاسەتی بەعس لەوە دابوو کە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئێراندا چاك کرد، بەڵام هۆیە سەرەکیەکە هەرەسی شۆڕشی کوردستان بوو کە توانایەکی گەورەی خستە بەردەم حکومەتی عێراق بۆ ئەوەی ئایدیۆلۆژیای ڕاستەقینەی خۆی جێ بەجێ بکات کە تا دەهات درندەیی خۆی لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵی عێراقدا وەدەردەخست.(چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی ینك، ٢٠٠٢: ل ٥).

دوای شکستی شۆڕشی ساڵی ١٩٧٥ ی کورد، بارودۆخێکی ئاڵۆز و نائاسایی و دژوار باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشا و هەموو کوردستانی گرتەوە ، زۆربەی ئەو تێکۆشەرە سیاسی و سەربازیانەی کە لە ڕیزی شۆڕشدا بوون ورەیان بەردابوو، و سەرانی حکومەت و زۆربەی خەڵکی لەدوای هەرەسی شۆڕش پێیان وابوو جارێکی تر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ناژێتەوە، ئەو بۆ شاییە سیاسیەی لە دوای هەرەس درووست بوو ناتوانرێت بەو خێراییە پڕبکرێتەوە.(کەمال فوئاد، ٢٠٠٠، ل ٢٣-٢٤؛ د. دلێر ئەحمەد، ٢٠٠٠: ل ٧). ئەم کەشە پڕ لە نائومێدییە وای دەخواست کە زیاتر دەستوبرد بکرێت بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە سیاسیە، بۆیە لەلایەن چەند تێکۆشەرێکی کوردەوە زنجیرەیەك کۆبوونەوە لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات لە (شام و ئەوروپا)دا بەسترا وەك وەڵامێك بۆ بارودۆخی سیاسی کوردستان (کەمال فوئاد،٢٠٠٠: ل٢٤). دوای سەرکەوتنی دەسەڵاتی بەعس بە ماوەیەکی کەم بۆ درێژەدان بە شۆڕش جەلال تاڵەبانی دەستیکرد بە وەرگرتنی بۆچوونی ئەو کەسایەتیانەی کە لە دەرەوەی وڵات بوون. (مایکل إم. غینتر، ٢٠١٢: ص ٥٧ )، بەڵام لەم کاتە دژوارەدا ئیرادەی ڕاستەقینە لای تێکۆشەرانی کورد نەچووە ژێر ئەو بارودۆخە، بەڵکو حاڵەتی هۆشیاری شۆرشگێڕانەی خۆیان پاراست، ئەو ئیرادەیە هانیدان درێژە بە تێکۆشانی خۆیان بدەن، هەر دوای چەند

مانگێك دەستكرا بە خۆ ڕێكخستن و درێژەدان بە خەباتی سیاسی و چەكداری. (محمد فاتح، ٢٠١٢: ل ٤١). سەرەنجام دامەزراندنی یەكێتی نیشتیمانی كوردستانی لێكەوتەوە .(سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر، ٢٠٠٢: ل).

بۆیە دەبێت وەك خاڵێكی وەرچەرخان لە ماوەیە برِوانرێت، كە شۆڕش تێیدا هەرەسی هێنا، چونكە بە نەمانی هەر هەژمونێكی بارزانی لە ناوچەكە و ڕۆیشتنی سەركردایەتی پارتی بۆ ئێران، شانۆكە بە تەواوی بۆ گروپەكانی باڵی چەپ ئاوەڵا بوو، بەو شێوەیە ڕەوتی سێكولار و ماركسی لە كوردستان زۆر تەشەنەی كرد، حزبی شیوعیش، لەبەر عێراقیەتەكەی، ئەو شەپۆلەی پێ هەرس نەكرا، بە پێچەوانەوە بەیانی دەركرد و ئەو جموجۆڵەی دروستبوونەوەی شۆڕشی بە قەڵاكانی ئیمپریالیزم و كۆنەپەرستیی لە دژی حكومەتی نیشتمانیی لە قەڵەم دا، تەنانەت ڕووخانی شۆڕشی كورد بە سەرۆكایەتی مستەفا بارزانی لە ١٩٧٥ كە شینی كوردان بوو، ئەوان لە كۆنگرەی ٣ ی ١٩٧٦ ی (ح.ش.ع) بە دەسكەوتێكی گەورەی وەسف كردوو ئەو شۆڕشەی بە (كۆنەپەرست) لە قەڵەم دابوو. هەموو ئەو هەڵوێستە سلبیانەی (ح.ش.ع.) بووە پێشەكیەكی بەهێز بۆ گەشەی كۆمەڵەی ماركسی لینینی كوردستان و دروستبوونی (ینك ) یش.(مسعود عبدالخالق،٢٠١٢: ل ١١٧).

**2- بارودۆخە دەرەكییەكان:** هەر سێ وڵاتی عێراق، ئێران، توركیا پیلانێكی خنكێنەریان لە دژی كورد دارِشتبوو، دیارترینیان ڕێكەوتنامەی جەزائیر بوو، لە ئەنجامی ئەو ڕێكەوتنەدا شۆڕشی كورد تووشی شكستێكی سیاسی و سەربازی گەورە بوو، لە ئەنجامی ئەوەدا تەرازووی هێزەكان بە قازانجی بەعس و بە زیانی كورد و جوڵانەوەكەی شكایەوە، ئیتر بەعس دەرفەتێكی زێرینی بۆ ڕەخسا تا نەخشەكانی خۆی لەمەڕ بەعەرەبكردن و ڕاگواستنی كوردستان جێبەجێ بكا و گەلی كورد بتوێنێتەوە (ئەمین قادر مینە، ٢٠١٢: ل ٢٤٣). هەردوو حزبی بەعسی دەسەڵاتدار لە سوریا و عێراق ناكۆك بوون، زەمینەیەك بۆ یەكێتی هاتە بار، بەڵام شوێنی بوونی (ینك) كە لە ناوچەی سنوورییەكانی ئێران بوو بەهۆی دووری سنوورەكە سوودێكی وای نەبوو، ئیتر باری ئیقلیمی زۆر سەخت بوو .

جیهانی سەرمایەداری و ڕۆژئاوا بە پێی بنەمای پاراستنی بەرژەوەندیەكانیان، لەگەڵ دوژمنانی كورد وێكدەهاتەوە، وڵاتانی سۆسیالیست و یەكێتی سۆڤیەت پەیماننامەی (٢٠) ساڵەیان لەگەڵ عێراق هەبوو، وڵاتانی جیهانی سێیەم و كۆمكاری عەرەبی بەشێوەیەكی كوێرانە پاڵپشتی عێراق بوون. تەنیا چەند كەسایەتییەكی جیهانی وەك (ماوتسی تۆنگ لە چین و كیم ئیل سۆنگ لە كۆریا، موعەمەر قەزافی لە لیبیا و چەند كەسایەتیەكی تری وڵاتانی سوریا و یەمەن)، كە پێچەوانەی خواستی وڵاتانی سەرمایەداری و ڕێكخراوی (بەرەی میللی بە سەرۆكایەتی جۆرج حەبەش)، كە دۆستایەتی تایبەتی لەگەڵ خودی سكرتێری یەكێتی هەبوو پشتیوانی جەلال تاڵەبانی بوون. (مسعود عبدالخالق، ٢٠١٢: ل ١١٨). ئەو پەیوەندییە رۆڵێكی كاریگەری لە پەیوەندیكردن بە هێز و لایەنە هاوسۆزەكان لەگەڵ مەسەلەی كورددا گێڕا، بەتایبەتی لەگەڵ هێزە ڕزگاریخوازەكانی فەلەستین و گشت هێزە پێشكەوتنخواز و نیشتمانییەكان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. (یەكێتیی نیشتمانی كوردستان،٢٠٠٥: ل ٣٥).

ئەو بارودۆخە ناوەكی و هەرێمی و نێودەوڵەتییە بەو سەختیە زەمینەیەكی سازدا بۆ دروستبوونی بزووتنەوەیەكی كوردایەتی بە ناوەڕۆك ماركسی هاوچەرخ جیا لە ماركسیەتی جیهانی، بەڵام بە گشت ئەو پرۆژەی شۆڕش هەڵگیرساندنە بەو بارودۆخە نەگونجاوەی جیهانی و هەرێمی و ناوەكییە هەورازێكی سەخت و نیمچە(مەحاڵ) بوو. (مسعود عبدالخالق، ٢٠١٢: ل ١١٨) ، بڕیارێك بوو كە پێویستی بە ئازایەتی و بوێریەكی زۆر هەبوو( یەكێتیی نیشتمانی كوردستان،٢٠٠٥: ل ٣٦). مسعود عبدالخالق پێی وایە ئەو بوێریە لە جەلال تاڵەبانی هاتە دی.(مسعود عبدالخالق، ٢٠١٢: ل ١١٨).

هەموو ئەو بارودۆخەی لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا، فاکتەر بوون بۆ دروستبوونی بارودۆخێکی لەبار بۆ دروستبوونی بزووتنەوەیەکی نوێی کوردایەتی. خودی تاڵەبانی نکۆڵی لە سەختی خەبات ناکات و بەم شێوەیە باس لە دروستبوونی یەکێتی دەکات و دەڵێت: "یەکێتی نۆبەرەی قۆناغێکی نوێی خەباتی رزگاریی و دیموکراسی خەڵکی کوردستان بووە و هاتنەکایەکەی بەپیرەوەچوونێکی راست و رەوای پێویستیەکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردەواری بوو، ەی پێویستیەکانی بوژانەوە و هەڵساندنەوە و راستکردنەوەی باری کەوتووی کوردایەتی بوو". (سەروەری یوبیلی زیوین و ئەرکەکانی داهاتوو، ٢٠٠٠ : ل ٦-٧).

قۆناغی پاش رێکەوتننامەی جەزائیر بە کۆتایی قۆناغی تاکحزبی و قۆناغی سەرەتای فرە حزبی ئەژمار دەکرێت، شۆڕشەکەی بە شۆڕشی نوێ لە ئەدەبیاتی یەکێتیدا ناوزەد دەکرێت، واتە دەکرێت ماوەی قۆناغی هەرەسی شۆڕش وەك خاڵی سەرەرتا لێی بڕوانرێت، لەم کاتەدا تاڵەبانی لە دیمەشق بوو، لەگەڵ چەند گروپێکی چەپگەرادا هەماهەنگی کرد و (ینك)، یان پێکهێنا کە بوو بە یەکێك لە رێکخراوە سەرەکییەکان لە سیاسەتی کوردیدا، ئەم رێکخراوە لە سێ گروپ پێکهات کە هەریەکەیان پلەیەکی جیاوازی لە ئایدۆلۆژی سۆسیالیزم پیشاندا.( گەراس ئار . چی. ستانسفیێڵد ، ٢٠١٠: ل١٨٩).

یەکەم ئەڵقە لەو چوار کەسە پێکهات: (جەلال تاڵەبانی، عادل مراد[1]، عەبدولرەزاق فەیلی[2]، فواد مەعسوم ) دوایی ئەوانی تر لە دەرەوە و ناوەوە پەیوەندییان کرد، وەك (نەوشیروان مستەفا، کمال خۆشناو، د.کمال فواد، د.عمر شێخموس )، لەگەڵ سەرکردەکانی ناوخۆ، عەلی عەسکەری، د.خالید سەعید، عومەر دەبابە ئەو مەحاڵەیان شکاند، ئەوانە زیاتر سەرکردەی مەیدانی زۆر بەتوانا بوون، زۆربەشیان باڵی (بزووتنەوەی سۆسیالیستی ) بوون ئەوانەی شام زیاتر خەتی گشتی و کۆمەڵە بوون، بەو شێوە (ینك) لە ١ ی حوزەیرانی ١٩٧٥ لە شام جاڕدرا، ڕاگەیاندنی(ینك ) لەسەر شێوەی نیمچە بەرە ڕادەگەیەنرێت، فوئاد مەعسوم هۆکاری ڕاگەیاندنی نیمچە بەرە دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی حزب ئایدیۆلۆژیای خۆی هەیە، واتە ئەگەر بیریان لەوە بکردبایەوە کە ناوی حزبی لێبنرێت، واتە دەبوو بە نوێنەری چینێك، لەبەر ئەوەی ئەو هێز و کەسایەتییە سیاسیانەی دوای رووخانی شۆڕشی ئەیلول لە چوارچێوەی حزبی سیاسیدا نەبوون، بۆیە نەدەکرا ناوی بەرەی لێ بنرێ، هەرلەبەر ئەوە یەکێتی وەك رێکخراوێکی نیمچە بەرە لە دایك بوو، کە خواستی تێکۆشانی ئەو قۆناغە بوو. (د. فوئاد مەعسوم، رۆژنامەی(کوردستانی نوێ) (١٦٢٤): ١٩٩٨/٦/١).

یەکێتی خوێندنەوەیەکی ڕوونی بۆ ئەو بارودۆخە سیاسییەی دوای هەرەس هەبوو، و ئەو ڕاستیەی باش دەزانی قۆناغی تاکحزبی بەسەرچووە، هەربۆیە ویستی سەرجەم ئەم باڵانە لە چوارچێوەیەکی ڕێکخراو کۆبکاتەوە، تاکو سەرئەنجام بۆ چوونەکان بە ئامانجی دامەزراندنی نیمچەبەرەیەك ئاراستەکران، پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت، بیرۆکەی دروستکردنی نیمچەبەرە، پێدەچێت پێشتر لەلای جەلال تاڵەبانی گەڵاڵە بووبێت و ئامادەکاری بۆ کرابێت، لەو بارەیەوە فەرەیدون عەبدولقادر دەڵێت:"مارتی ١٩٧٣ هەڤاڵ مام جلال لە نامەیەکدا بۆ ناوەندی کۆمەڵە بۆ یەکەمین جار پێویستی دامەزراندنی ڕێکخراوێکی نەتەوەیی فراوان، یان نیشتمانیی فراوانی باس کردبوو کە لە کۆمەڵە فراوانتر بێت و توانای ئەوەی بێ کە فراوانترین بەشی خەڵکی کوردستان بگرێتە خۆی، ئامانجە نیشتمانیی و نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان بکاتە ڕێنمایی خەبات، کۆمەڵەش دەتوانێ داینەمۆ و هەڵسوڕێنەری بێت.بتوانێ ڕێکخراوی پێشەنگی کوردایەتی بێت هی چینە نیشتمانیی و شۆڕشگێڕەکانی کوردستان بێت، نەك بەتەنها چینی کرێکار". (فەرەیدون عەبدولقادر، گۆڤاری (ڕێبازی نوێ -١٥)، ل٣٣- ٣٤).

فەرید ئەسەسەرد لەو بارەیەوە پێی وایە یەکەم بەرەی نیشتمانیی لە مێژووی سیاسی کورددا لەسەر دەستی ساڵح حەیدەری لە ساڵی ١٩٤٤ یان ١٩٤٥ هاتۆتە دی، دوابەدوای ئەوەی کە حەیدەری بە شێنەیی لەو تاکتیکانەی کۆڵیوەتەوە کە کۆمۆنیستەکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانیدا بەکاریانهێناوە، بڕیاری پێکهێنانی حزبی ڕزگاری کوردی داو زۆری نەخایەند بەرەیەکی نیشتمانیی لە حزبی کۆمۆنیستی کوردستانی عێراق و حزبی ڕزگاری کورد پێکهێنا و ویستی لەم ڕێگەیەوە چەترێکی نیشتمانیی بۆ هەڵسوڕانی چەپگەرانەی حزبەکەی خۆی دابین بکات، ئەم ئەزموونە لە ساڵی ١٩٧٥ لەسەر دەستی جەلال تاڵەبانی زیندووکرایەوە، کاتێک یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لەسەر هەمان ئەو مۆدیلە دامەزرا کە کاتی خۆی حەیدەری هەنگاوی بۆ نابوو.(فەرید ئەسەسەرد ٢٠١٢: ل ١٣). دامەزراندنی (ینك) زادەی ساتەوەختێك نەبوو بەڵکو ئەوانەی بە پەرۆشەوە بوون بۆ دوارۆژی کورد لە ناوەوەی نیشتمان یان لە دەوڵەتانی دەرو دراوسێ و وڵاتانی دنیا، بیریان لەوە دەکردەوە کە چۆن ئەو بۆشاییە سیاسیەی لە کوردستانی عێراقدا هاتۆتە کایەوە پڕ بکەنەوە، بۆیە کاتێ هەوڵ و کۆششەکان خرانە گەڕ بۆ بەستنی کۆبوونەوەیەك بۆ ئەم مەبەستە، گەلێ کەس بە شەوقەوە هەوڵیاندا لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدار بن. ئەوە بوو زنجیرە کۆبوونەوەیەك لە ناوەوەیووڵات و چەند ناوچەیەکی جیاجیای ڕۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپا بەسترا، بەشداربووانی ئەم کۆبوونەوانە هەوڵیاندا بەدیلێکی سیاسی پێك بهێنن، سەرئەنجام بڕیاردرا کۆبوونەوەیەك پێك بێ بۆ ئەوەی بڕیارێك لەو بارەیەوە بدات، دیارترین ئەو کەسانەی لە کۆبوونەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بریتی بوون لە: جەلال تاڵەبانی و فواد مەعسوم و عادل مراد و عەبدولرەزاق فەیلی... کە لە بەیروت و دیمەشق و قاهیرە بوون، هەموویان لەسەر ئەوە ڕێک دەکەون کۆبوونەوەیەك لە ٢٢ ئایاری ١٩٧٥، ببەسترێ، واتا دوومانگ دوای هەرەسهێنانی شۆرش. (نەوزاد عەلی ئەحمەد، گۆڤاری (ڕێبازی نوێ - ١٥): ل ٢٤-٢٧).

مام جەلال یەکەم بەیاننامەی دامەزراندنی (ینك) ئامادەکرد بۆ کۆبوونەوەکان لە شاری دیمەشقی پایتەختی سوریا، کە لە کافتریا و ڕێستۆرانتی (تولەیتولە) لە گەڕەکی(ئەبو رومانە) ئەنجام دەدران، سەرئەنجام ڕۆژی ١٩٧٥/٥/٢٢ بەیانی دامەزراندنی (ینك) لەلایەن جەلال تاڵەبانی، عادل مراد، فواد مەعسوم، عەبدولڕەزاق میرزا (فەیلی) پەسەند کراو یەکسەر نێردرا بۆ چاپ.(د. فوئاد مەعسوم ، ٢٠٠٨: ل ٤-٥). دوای دەرچوونی بەیانەکە مام جەلال بەرەو ئەڵمانیای خۆرئاوا، بەڕێکەوت بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ نەوشیروان مستەفا، کەمال فوئاد، هۆمەر شێخمووس[٣]، بۆ یەکەم جار دوای دەرچوونی بەیاننامەکە لەگەڵ جەلال تاڵەبانی کۆبوونەوە، لەو کۆبوونەوەیە پێشنیاری دووسێ دەستکاری بچووکیان کردبوو. پاش کۆبوونەوەکەی بەرلین هەریەك لە (نەوشیروان مستەفا ئەمین، کەمال فواد، هۆمەر شێخمووس) بۆ سەرکردایەتی و دەستەی دامەزرێنەر زیاد کران، ئیدی دەستەی دامەزرێنەر لە حەوت کەس پێکهاتن: (جەلال تاڵەبانی، نەوشیروان مستەفا ئەمین، فواد مەعسوم، کەمال فواد، هۆمەر شێخمووس، عەبدولڕەزاق میرزا عەزیز و عادل مراد). (عادل موراد، ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ - ٥٢٠٨) ، ٢٠١٠/٦/٢٠ ).

عومەر دەبابە دوای ئەوەی گەیشتە دیمەشق (لە ٦ی تشرینی دووەمی ١٩٧٦) وەکو نوێنەری بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان هاتە ڕیزی دەستەی دامەزرێنەرەوە، هەروەها بڕیارێك لە دەستەی دامەزرێنەرەوە سەبارەت بە هاتنە ڕیزی کەمال خۆشناو دەرچوو. (یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ٢٠٠٥: ل٤٢). واتە دەستەی دامەزرێنەر بوون بە (نۆ) کەس. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین ئەو کۆبوونەوانەی ئەو کات لە بەرلین پێك هاتن، دوو راوبۆچوون یان دوو ڕەوتی تێدابوو، لە بارەی ئەو حزبەی کە پێك دێت، ئایا ئەو حزبە حزبێکی ئایدۆلۆجی بێت؟ یان حزبێکی پێشکەوتنخواز و نیشتمانیی بەرفراوان، ڕاو بۆچوونەکان لەسەر ڕەوتی دووەم گیرسایەوە، واتا حزبێکی فراوانی ئەو

تۆ کە گشت تێکۆشەرانی سوربوون لەسەر درێژە پێدانی خەبات بەبێ گوێدانە ئایدیۆلۆژییان بگرێتە خۆ. (کەمال فواد، (ڕێبازی نوێ- ١٩)، ٢٠٠٠: ل ٢٧). هۆکاری گیرسانەوە لەسەر ڕێکخراوێکی فراوان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بیرۆکەیەی کە لەکاتی دامەزراندنی (ینك) باوبوو، ئەمە بوو لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا تێڕوانینی سیاسی جۆراو جۆر و چەندین ڕەوتی فکری هەیە پێویستە هەوڵ بدرێت پتەوترین پەیوەندی لە نێوان تێڕوانین و ڕەوتە نیشتمانییەکان بەسترێ و لە دەوری ئامانجە هاوبەشەکاندا کۆ بینەوە، چونکە سروشتی قۆناغەکە وای خواستووە، لەم ڕووەوە لە یەکەمین بەیاننامەدا هاتووە (ینك) هەوڵ دەدات هێزە نیشتمانیی و دیموکراتەکانی شۆڕشی کورد لە شێوەی یەکێتی نیشتمانیی دیموکراتی ئەوتۆ ڕێکبخات، کە بوار بە پێکەوە ژیانی ڕەوتە پێشکەوتنخوازەکان و یەکێتی پتەوی خەباتگێڕانەیان بدات.  ئەم ڕەوتانەش لە چەند ڕێکخراوێکی ناو یەکێتی بەرجەستە بوون ئەوانیش: کۆمەڵەی مارکسی - لینینی کوردستان، بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و هێڵی گشتی بوون.

**تەوەری دووەم: پێکهاتەی ڕێکخراوەیی دروستبوونی یەکێتی:**

**1- کۆمەڵەی مارکسی- لینینی کوردستان**

یەکێتی کە دادەمەزرا، پێشتر ڕێکخستنی کۆمەڵەی مارکسی لینینی – ئەندێشەی ماوتسیتۆنگ(کملك/ کۆمەڵە) پێنج ساڵ بوو هەبوو. لەو پێنج ساڵەدا، کۆمەڵە سەرکردایەتیەکی نهێنی ژمارە کەم وپەلوپۆی لە شارەکاندا هەبوو.(مەلا بەختیار، گۆڤاری (ڕێبازی نوێ- ١٩) حوزەیرانی ٢٠٠٠: ل ٥٩). ئەم ڕێکخراوە پاش شۆڕشی گەلانی ئێران و ڕووخانی ڕژێمی شا و هاتنەسەر دەسەلاتی پیاوانی ئاینی، لە بەهاری ساڵی ١٩٧٩ دا لە (خڕی نێوزەنگ) کۆبوونەوەیەکی فراوانی ناوەند و سەرکردایەتی(کملك) بەستراو لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاردرا ناوی (کملك) بگۆردرێت و بکرێتە (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان ). ڕۆژی ١٠/ ٦/ ١٩٧٠ یادی دامەزراندنی (کملك)ە.(کۆمەڵە لە سێدارەوە بەرەو ڕاپەڕین ، ٢٠١٣: ل ١٢). (کملك) لە مندالدانی پارتی دیموکراتی کوردستان (باڵی جەلال تاڵەبانی– ئیبراهیم ئەحمەد ) دامەزرا، هەر بۆیە کۆمەڵە لە بەرامبەر دوو دەسەڵاتدا ڕێکخستنێکی نهێنی بوو. ڕژێم و سەرکردایەتی شۆرشی ئەیلول لەو پێنج ساڵەی خەباتی نهێنی کۆمەڵە، ڕژێم کەسی لێ ئاشکرا نەکردبوون، بەڵام بە حوکمی ئەوەی کۆمەڵە لە کوردستاندا و لە کوردستانیشدا لە هەناوی پارتیدا هەڵدەسوڕا، پارتی نیمچە فشاری دەخستە سەر کادرە ناسراوەکانی کۆمەڵە و ژمارەیەکیشی لێدەستگیرکردن. (د. کەمال فواد، گۆڤاری (ڕێبازی نوێ- ١٩): ل ٩).

سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، جەلال تاڵەبانی یەکەم سکرتێری کۆمەڵە بووە، گەرچی لە رووی فکر و نووسینەوە کاریگەریی زۆری هەبووە، بەڵام بەهۆی هەلومەرجی ئەوکاتەوە لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە دوور بووە، زۆربەی کات لە هەندەرانەوە ئامۆژگاری دەکردن و نووسینی خۆی بۆ پەروەردەکردنی ڕیزەکانی کۆمەڵە دەنارد. ناوەندی کۆمەڵە و شیهاب  نوری لە نزیکەوە کارە ڕێکخراوەییەکانیان ئەنجام داوە. (فەرەیدون عەبدولقادر، (ڕێبازی نوێ- ١٥): ل ٣٢). بۆیە دەتوانین بڵێین لە دامەزراندنی یەکێتی ئومێدی زۆر لەسەر کۆمەڵە هەڵچنرابوو، دۆخێکی ئاسایی بوو، کە یەکەم ڕێکخراو بێت پەیوەندی لەگەڵ نیمچە بەرەی (ینك) دروست بکات. وەك پێشتریش ئاماژەمان پێکراوە، لە ساڵی ١٩٧٣ جەلال تاڵەبانی پێشنیاری دامەزراندنی ڕێکخراوێکی فراوانتری لە کۆمەڵە کردبوو، کە هەموو توێژەکان لە خۆ بگرێت، بەڵام بەهەند وەرنەگیرا بوو، تاڵەبانی دووبارە لە ئازاری ١٩٧٥ بە هۆی کۆمیتەی"ئەستێرەی سور"ی  کۆمەڵەوە، کە جەعفەر عەبدولواحید سەرپەرشتی دەکرد، جارێکی تر بیرۆکەی دامەزراندنی ڕێکخراوێکی نیشتمانیی فراوانی خستبووە بەر باس و لێکۆڵینەوە، کە پاش هەفتەیەك دەقی نامەیەك لەو بارەیەوە دەنێرێت بۆ

سەرکردایەتی کۆمەڵە، ئەمجارە هەلومەرجەکە لەبارتر بووە بۆ باس و کارێکی لەو جۆرە، ئەمجارە بابەتەکە بەلای سەرکردایەتی کۆمەڵەوە داهێنانێکی باش بووە، بۆیە بە گەرمی پێشوازی لێکراوە. بۆ ئەم مەبەستە سەرکردایەتی کۆمەڵە لە ٢٨ ی ئایاری ١٩٧٥ بڕیاری پشتیوانیکردنی بیرۆکەی تاڵەبانی دەکەن، کە بریتی بووە لەپشتیوانیکردن لە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی نیشتیمانی ئەوتۆ، کە کۆمەڵە داینەمۆی سەرەکی بێت، هەروەها لەلایەن شیهابەوە پێشنیاری دەستپێکردنەوەی شۆڕش کراوە و مەفرەزەکان بەسەر ناوچە جیاوازەکان دابەشکراوە، بڕیاردراوە لە ڕێگەی فەرەیدون عەبدولقادرەوە ئەم پەیامە بگەیەندرێتە جەلال تاڵەبانی. (مەلا بەختیار،گۆڤاری (ڕێبازی نوێ- ١٩): ل ٥٨).
دوای ئەنجامدانی کارەکە، فەرەیدون ڕاسپاردەکانی مام جەلال بۆ سەرکردایەتی کۆمەڵە دههێنێتەوە، کە گرنگترینیان:

١- دەستەی دامەزێنەری یەکێتی لە وڵات دابمەزرێنن.

٢- پەیوەندی لەگەڵ کادرە پێشمەرگەییەکانی شۆڕشی ئەیلول بکەن، ڕێکخراوی پێشمەرگەیان لێپێکبهێنن و ئامادەیان بکەن بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری .

٣- لە هیچ حاڵەتێکدا نابێت کوردستان جێبهێڵن. (نەوشیروان مستەفا ئەمین ، ١٩٩٧: ل٤٨).

بەم شێوەیە کاتێك کە یەکێتی دامەزرا، کۆمەڵە ڕەگێکی باش بوو بۆ شینبوونەوەی باشتری ڕێکخستن، یەکەمین ڕێکخستنیش چووە ناو نیمچە بەرەی (ینك )ەوە، کۆمەڵە بوو. (مەلا بەختیار: گۆڤاری(ڕێبازی نوێ - ١٩): ل ٥٨).

**2- بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان:** سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان دوای ڕێکەوتننامەی جەزائیر، لە نیسانی ١٩٧٥ فەرمانی بە ڕاگرتنی بەرگرییکردنی هێزە چەکدارەکانی عێراق دا، لەگەڵ ئەمەشدا هەموو ئەو دامودەزگا کارگێڕیی و سیاسیانە هەرەسیان هێنا، کە لە ناوچە ئازاد کراوەکانی باشووری کوردستان دامەزرابوون. (م.س لازاریف و ئەوانی تر، ٢٠١٢: ل ٥٠٨). ئەو ڕێکەوتننامەیە بوو بەهۆی شکستی شۆڕشی ئەیلول، ئەوە بوو بارزانی بڕیاری وازهێنانی لە شۆڕش دا، بڕیاری وەستاندنی شۆرش لەلایەن بارزانیەوە بووە هۆی دەمەتەقێ و نارەزایی لە نێوان کادران و کەسانی وشیاری ئەوکاتی پارتی لە هەموو ئاستێکدا، بەشێک لە کادرانی پێشکەوتووی ئەوکات هەوڵی ڕزگارکردنی جوڵانەوەی کوردیان لەو شکستە دا، لەلایەن هەندێ کەسەوە هەنگاوی بچووکیش نرا بە مەبەستی بەردەوامی بەرگریی و درێژەدان بە خەبات. (شۆڕش شاخەوان شۆڕش، ٢٠٠٢: ل٩٠) ، چونکە ڕاگرتنی بەرگریکردن لای ژمارەیەکی زۆر لە کادرانی سەرکردایەتی بزووتنەوەی کورد هەڵوێستێکی ناکاو و کتوپڕ بوو، بارێکی لە ترس و دارِمان و سەرسوڕمانی لەلای خەڵکی وروژاند، تەنانەت ڕووداوی خۆکوژیی لە ناو پێشمەرگە ڕوویدا. (م.س لازاریف، ٢٠١٢: ل ٥٠٨).

مستەفا بارزانی و (پ.د.ك )، بەهۆی ئەم گۆڕانکارییە سیاسییەوە لە ٢٣ ئازار بڕیاریان دا واز لە شەڕکردن بهێنن، هەزاران چەکدار و خێزانەکانیان لە سنوور پەڕینەوە، لەگەڵ هەزاران پەنابەری دیکە، کە پێشتر چووبوونە ئێران لەوێ بوون بە پەنابەر. (دێڤید مەکداول، ٢٠٠٥: ل ٥٥٥). لەناو ئەو پەنابەرانەدا ژمارەیەکی زۆر لە کادری حزبی و سیاسی و پێشمەرگایەتی بیریان لە بەرگرییکردن دەکردەوە و نەچوونە ژێر باری ئەو دۆخەی هاتۆتەدی، بیرۆکەی دامەزراندنی بزووتنەوەیەکی سیاسی شۆڕشگێڕ لای ئەو کۆمەڵە کادرەوە دەستی پێکرد، کە پەیوەندییان لەگەڵ چەند تێکۆشەرێکی دیکە لەناو عێراقدا هەبوو. بۆ ئەم مەبەستە چەندین دانیشتن و کۆبوونەوەی جیاواز لە شارەکانی کوردستانی ئێران ئەنجام درا، وەك (نەغەدە، مهاباد، ورمێ)( عەبدولرەحمان گۆمەشینی، ٢٠٠٣: ل ٤١-٤٢) ، لە گرنگترینی ئەو کۆبوونەوانە ئەوە بوو لە نیسانی ١٩٧٥ دا لە ورمێ لە ماڵی عومەرمستەفا (عومەر دەبابە) بەسترا. (سەروەر عەبدولرەحمان عومەر، ٢٠٠٢: ل ٩٦).

جەمال حەکیم ئاغا لەم بارەیەوە دەڵێت:"کەوتینە بیرکردنەوە بۆ دامەزراندنی حزبێکی نوێ و واز لە پارتی بهێنین، ئەم بیرۆکەیە لە شاری ورمێی ئێران لەماڵی خوالێخۆشبوو عومەر مستەفا بڕیاری لەسەر درا، لەوێدا بڕیاری دروستکردنی حزبێك بەناوی بزووتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان درا، ئیبراهیم ئەحمەدیش لەو کۆبوونەوەیە بەشدار بوو، لەسەر ئەوە ڕێکەوتین کە خۆمان لە پارتی دووره پەرێز بگرین، بێ ئەوەی دژایەتی پارتی و ماڵی بارزانی بکرێت".( کۆمەڵێك هاورێی شەهید، ٢٠٠٤: ل ٤٢- ٤٣). لەو کاتەدا شای ئێران بە پێی بنەماکانی ڕێکەوتننامەی جەزائیر ڕێگای لە سەرجەم چالاکیە سیاسییەکانی پەنابەران دەگرت، هەربۆیە بڕیار لەسەر ئەوە دەدەن، سود لە لێخۆشبوونی گشتی وەربگرن و بگەڕێنەوە وڵات و لەوێ چالاکیەکانیان ئەنجام بدەن، بەو پێیە زۆربەیان بۆ عێراق گەڕانەوە.(صلاح الخرسان، ٢٠٠١.ص. ٤٨٥).

لەگەڵ گەڕانەوەیاندا ڕژێمی عێراق دەستی بە دوورخستنەوەی زۆربەی ئەوانە کرد، کە پلەی حزبی و پێشمەرگایەتیان بەرزبوو، دوورخستنەوەکەش بۆ شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق دەبێت (شاخەوان شۆرش: س. پ ل ٩٢) ، بۆ ئەوەی لەژێر چاودێری دامودەزگاکانی حکوومەت و دوور لەیەکتری ڕێگا لە بەردەم یەکخستنی هەوڵەکانیان بگرێت. بەڵام ئەوە نەبووە ڕێگر لەبەردەم ئەوەی یەکتری ببینن، بەڵکو لەژێر ئەو گوشارەش چاویان بەیەکتری دەکەوێت، چونکە ئەوان لە ئێران گفتوگۆیان کردبوو، بۆیە لە عێراق ئەو پەیوەندییەیان پاراست، کەوتنە هەوڵی ئەوەی ڕێکخستنێك پێکبهێنن، سەرەتا ناویان لە خۆیان نا بزووتنەوەی (ڕاستکردنەوە) بە ئامانجی ئەوەی چەوتی و لادانە سیاسییەکانی (پ.د.ك ) ڕاست بکەنەوە، بەڵام دواتر دوای تاووتوێکردنی بابەتەکە لەسەر دەستی هەریەك لە ساڵح یوسفی، عەلی عەسکەری، خالید سەعید، تاهیر عەلی والی، سەعدی گچکە، عومەر دەبابە، ڕەسوڵ مامەند، عەلی هەژار، کاردۆ گەڵاڵی و مەلا ناسیح (بزووتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان ) دامەزرا. (ئەحمەد حەمەد ئەمین،گۆڤاری (کەلتور- ٩)، ٢٠١٣.: ل ٢٤) .

بزووتنەوە هەر لەدوای ئاشبەتاڵ یەکەمین کۆبوونەوەیان گرێداوە، بەڵام یادی دامەزراندنەکەی دەگێڕنەوە بۆ سەرەتای مانگی ئابی ١٩٧٦، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەو بەرواره بەیاننامەی دامەزراندنی تێدا ڕاگەیانراوە، کە لەلایەن کەریمی حیسامییەوە لە بەیروت چاپکرا.(مسعود عبدالخالق: س . پ ، ل ١٢١).

تاڵەبانی لە بارەی بەشداربوونی بزووتنەوەی سۆسیالیست لە یەکێتی نیشتمانیی کوردستاندا دەڵێت:"نامەم بۆ عومەر دەبابە و عەلی عەسکەری و دکتۆر خالید ناردبوو، تا لە نیمچە بەرەی یەکێتی بەشدار بن، ئەوانیش لای خۆیانەوە لە هەوڵی دروستکردنی بزووتنەوەی سۆسیالیست بوون، بەڵام هێشتا دایان نەڕشتبوو کە کاغەزەکەی منیان پێگەیشت ئامادەییان پیشان دابوو بۆ کارکردن، لێرە کەواتە دوو سەرچاوەمان پەیدا کرد، یەکێکیان پێشتر لە سەرەتادا هەمان بوو کۆمەڵە بوو، ئەوی تریان ئەو برادەرانەی بزووتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان بوو. (چاوپێکەوتن لەگەڵ مام جەلال، (کوردستانی نوێ- ١٢٩٨): ١٩٩٦/٦/٢). بەم شێوەیە بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان یەکەمین ڕێکخراو بوو بە پیر بانگەوازەکە هات و لە ڕیزەکانی(ینك)دا شانبەشانی کۆمەڵە خەباتی چەکداریی گەرم کرد".( ڕێباز، ١٩٩٣: ل ٦١). لەسەر پێشنیازی جەلال تاڵەبانی، عەلی عەسکەری و دکتۆر خالید و عومەر دەبابە دەچن بۆ شاخ، لەسەرەتادا ناوی بزووتنەوە سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان بوو، بەڵام پاش پەیوەندیکردنیان بە نیمچە بەرەی یەکێتی نیشتمانیی لەسەر داوای (ینك) دیموکراتەکە لادەبەن، بەو بیانووەی سۆسیال دیموکرات بڕوای بە خەباتی چەکداریی نیە. (چاوپێکەوتن لەگەڵ عادل موراد، سلێمانی، ٢٠١٥ /٦/١٧؛ مەلا بەختیار، ٢٠١٥: ل ٣٠١).

**3- هێڵی گشتی** :هێڵی گشتی باڵێکی ناو (ینك ) بوو لەو کەسانە پێکهاتبوو، کە نە سەر بە کۆمەڵە بوون، نە بزووتنەوە، کەسانێکی سەربەخۆ بوون و باوەڕیان بە بەرنامەی (ینك ) هەبوو و ئەندامی ڕاستەوخۆی (ینك) بوون.(خەلیل عبدالله شیلان، ۲۰۰۸: ل ۱۰۱). لە سەرەتادا هێڵی گشتی زیاتر لە سەرکردایەتیدا بوون و هیچ بنکەیەکی ڕێکخستنی ئەوتۆیان نەبوو، چونکە هێشتا ڕێکخستنەکانیان دروست نەکردبوو، بەڵکو دواتر لەناو وڵاتدا گەشەی کردوو گرنگی پێدرا و شانە و کەرتی ڕێکخستنی تایبەتی هێڵی گشتی دروستکرا[٤] . عومەری شێخمووس، کەمال فواد، فواد مەعسوم، عادل مراد، عەبدولڕەزاق فەیلی لەنێو دەستەی دامەزرێنەری (ینك) سەر بە باڵی هێڵی گشتی بوون .

دوای جیابوونەوەی بزووتنەوە لە (ینك) و بوونیان بە حزب، گروپێك بە سەرکردایەتی عومەر مستەفا مابوونەوە، دواتر بزووتنەوە ڕۆحی بە بەردا هاتەوە، ڕێکخستنەکانی هاتنە شاخ (جەمال حەکیم ئاغا، عەلی حەویز، مامۆستا نازم، مامۆستا شەریف مەولود.....) سەرکردایەتی نوێیان هەڵبژارد و درێژەیان بە ڕێکخستنی بزووتنەوە و خەباتی پێشمەرگایەتی لە ناو (ینك) دا.(ڕەهبەر سید برایم، ۲۰۱۱: ل ۱۵). ئەم گروپە هەوڵیان دا لەگەڵ هێڵی گشتی دا یەکبگرنەوە و ڕێکخراوێکی نوێ دروست بکەن.(جەمال فەتحوڵلا تەیب، ۲۰۱۲: ل ۹). ڕۆژی ۱۰ی ئەیلوولی ۱۹۸۲ ئەم بڕیارە لە کۆبوونەوەیەکدا ئاشکرا کرا، کە بەو بۆنەیەوە ڕێکخراو کادر و ئەندامانی هەردوو لا و سکرتێری (ینك) ئامادەبوون، ڕۆژی (۱۱ی ئەیلولی ۱۹۸۲) بە ساڵڕۆژی دامەزراندنی (یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان ڕاگەیێندرا.(ڕەهبەر سید برایم: س. پ.، ل ۱۵).

**باسی دووەم : کەرتبوون لە ڕیزەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان**
**و دروستبوونی حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان**

**تەوەری یەکەم/ هۆکارەکانی کەرتبوون لە ڕیزی یەکێتییدا**

خاڵی بەهێزی یەکێتی دامەزراندنی بوو لە شێوەی نیمچە بەرە، چونکە لە پاش شکست شێوازێکی تازەی پارتایەتی داهێنا، واتا کۆتایی بە سستمی تاکپارتی هێنا، بەشێوەیەك لە کۆمەڵێك ئایدیۆلۆژیای جیاوازی لەوپەڕی ڕاست بۆ ئەو پەڕی چەپ، خەڵکی نیشتمانیی و نەتەوەیی لە چوارچێوەی باڵەکانی ناو نیمچە بەرە کۆکردەوە، بەڵام ئەمە لە هەمان کاتدا خاڵی لاوازی یەکێتی بوو بە ئاراستەی کەرتبوون لە ڕیزەکانیدا، چونکە لە ستروکتۆری هەڵسوڕانی کاروباری ڕۆژانەی کۆمەڵێك خاڵی لاوازی هەبوو، کە لە مەیدانی پراکتیك بەرە بەرە کەموکوڕیەکان بەدیاردەکەوتن، سەرئەنجام بووە هۆکاری ئەوەی ئەو باڵانە نەتوانن پێکەوە هەڵبکەن، بەو هۆیەوە چەند جیابوونەوەیەك لە ڕیزەکانی یەکێتی ڕوویدا، ئەوانەی لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا بێت، چوونە دەرەوەی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان (ب. س. ك) لە ڕیزەکانی یەکێتی .

بە وردبوونەوە لە یەکەم بەیانی دامەزراندنی یەکێتی دەبینین زەمینەیەکی کەرتبوون و ململانێ ئامادە دەکات بەوەی پۆلێنی پێکهاتەکانی ناوخۆ و وڵاتانی ناوچەکە و جیهانیش دەکات، پارتی بە جوڵانەوەیەکی خێڵەکی سەر بە ئیمپریالیزم ناو دەبات[٥].کەواتە لەگەڵ یەکەم بەیان کەرتبوون ئامادەیە لەگەڵ بەرامبەر، لە هەمان کات ئەوە زەمینەی ناوخۆش ئامادە دەکات بۆ کەرتبوون، چونکە ئەوانەی هاتنە ناو یەکێتی بە تایبەت بەشێکی زۆری سەرکردایەتی (ب.س.ك) تا شکست لە ریزەکانی پارتی بوون، ئامادە نەبوون بچنە ئەو ململانێ و دوژمنکاریەی بەرامبەر پارتی(چاوپێکەوتن لەگەڵ مسعود عبدالخالق: ۲۰۱۵/۷/۱۵) ، لەگەڵ ئەوانەشدا یەکێتی گرنگی بە وەرگێڕانی ئەو بابەتانە دەدا تاوەکو ئەندامەکانی رابهێنێت بەوەی هەندێك ململانێ ئاساییە لەناو حزبی سیاسی هەبێت، لەو بارەیەوە

بابـەتێکی (لیـۆ شاوشـی) سـەرکردەی حزبـی کۆمۆنیسـتی چینـی بەرچاودەکـەوێت، کـە لـە پێشـەکیەکەیدا هـاتووە، (ململانێی ناوخۆی حزب شێوەیەکە لە شێوەکانی ململانـێ و لێـدوان و گفتـو گـۆ لـەبارەی مەسـەلەکانی ئایـدیۆلۆژیا و مەبدەئەوە و جۆرێك ڕۆشنبیریە کە ناتوانین لەناو حزبدا دەسـتبەرداری بـین)[٦]. لـە راسـتیدا ئـەم مەسـەلەی گفتوگۆ و رۆشنبیرییە لەناو باڵەکان دروستنەبوو لە یەکەم هەنگاو باڵێکی گرنگ و کاریگەری وەکو (ب.س.ك)ی لێ جیابووەوە بـە هۆی ئەم هۆکارانەی لای خوارەوە :

یەکەم: ئەو هۆکارانەی پەیوەندییان بە بنیادی پێکهاتەی بزووتنەوەوە هەیە :

لە سەرەتای دروستبوونی بزووتنەوە هەندێك کێشە و گرفت هەست پێدەکران، چونکە بزووتنـەوە بەشـێکی زۆری کادرە سیاسی و عەسکەرییەکانی بریتی بوون لە کادرەکانی شۆڕشی ئەیلوول، هەندێکی تریش بریتـی بـوون لەوانـەی کاتی خۆی سەر بە باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی بوون.(مەلا بەختیـار، ١٩٩٨: ل ٢٧٦ – ٢٧٧). واتـە لـە دوو هێڵـی فکـری جیاوازەوە هاتبوون، پاش شکستی١٩٧٥ گەیشتبوونە ئەو بڕوایـەی رێبـازێکی جیـاواز لـەوەی پێشـوویان هـەڵبژێرن بـۆ پێکـەوە کـارکردن بـەبێ دژایـەتیکردنـی فکـری پێشـوویان. (محمـد شـاکەلی، ٢٠١١: ل٢٤٩). پێـدەچێت سـەرکردایەتی بزووتنەوە نەیانتوانی بێت خۆیان لە فکری پێشـوویان داڕنـێن (تجریـد)، لەبەرئـەوەی هـەر زوو هەنـدێك بـۆ چـوونی جیاواز لەناو سەرکردایەتی بزووتنەوە پەیدابوو، ئەم جیاوازیانە پـاش بـوونی بزووتنـەوە بـە باڵێـك لـە نیمچـە بـەرەی (ینك) بە ئاشکرا بە دەرکەوتن.(بەهرۆز گەلاڵی، ١٩٩٨: ل٥٥). چونکە زۆربەی کەسانی سەرکردایەتی بزووتنەوە حـەزیان بەم بەشدارییەی نیمچە بەرەی یەکێتی نەدەکرد، لەبـەر ئـەوەی خـاڵی بنچینـەیی دامەزرانـدنی بزووتنـەوە ئـەوە بـووە چارەیەکی ناکۆکی نێوان "مەلایی و جەلالی" بکرێت و بە هـیچ جۆرێـك تێکـەڵاوی ئـەم ناکۆکییـە نەبنـەوە، لـە ترسـی گواسـتنەوەی ئـەم ناکۆکیانـە بـۆ نـاوخۆ. بـەڵام کاتێـك لـە ٨ی ئـابی ١٩٧٦ بڕیـاری ناردنـە دەرەوەی بەشـێک لـە کـادرە سەربازیەکانیان بۆ شاخ دەدەن، بە مەبەستی هەڵگیرساندنی ئاگری شـۆڕش، بڕیـاری دروسـتکردنی دوو سـەرکردایەتی دەدەن، بە سروشتیی ئاراستە جیاوازەکان بەدەر دەکەون، ئەوانیش:

١- سەرکردایەتی دەرەوە بە سەرپەرشتی عەلی عەسکەری، پەیڕەوی باڵی(م.س) پاش جیابوونەوەی١٩٦٤ بوو.

٢- سەرکردایەتی ناوەوە بە سەرپەرشتی سالح یوسفی، پەیڕەوی باڵی سەرۆکی پارتی بوو.

هەردوو سەرکردایەتی بەجیا مافی ئەوەیان دەبێت بە لەبـەر چـاوگرتنی بەرژەوەنـدی سیاسـەتی بزووتنـەوە بڕیـار بـدەن.(شـاخەوان شـۆڕش: س. پ. ل ٩٩-١٠٠). پەیوەنـدییکردنی ئـەم دوو سـەرکردایەتییە بـە یەکتریـەوە دژوار بـوو، یوسفی تەنها لە ڕێگای چەند کەسێکی دیاریکراو بۆچوونەکانی خۆی بە نامە بە سەرکردایەتی شاخ دەگەیاند، محەمەد فاتیح دەڵێت:"پەیوەندییەکان لە رێگای "محەمـەد شـاکەلییەوە بـوون" ... ، و پێـی وایـە سـەرجەم بڕیارەکـانی کـە لـە سەرکردایەتی دەرەوە دەردەچوون ئەمری واقع بوون"[٧]. لە قسەکانی فـاتیح ئـەوە دەخوێنینـەوە بڕیارەکـان تاکلایەنـە بووە و ڕەزامەندی سەرکردایەتی ناوەوەی لەسەر نـەبووە، وەك لـە نامەیـەکی سـاڵح یوسـفیدا ئـەوە دەردەکـەوێت کـە بەسەرسوڕمانەوە باس لە بوونی بزووتنەوە لە چوارچێوەی نیمچە بـەرەی یەکێتیـدا دەکـات. (زوزان صـالح الیوسـفی، ب.س: ص٢١٤-٢٣١).

پاش ئەوەی بزووتنەوە بڕیاری ناردنەدەرەوەی هێزی چەکدار دەدات، پرسی چۆنیەتی هاوخەباتی لـە چوارچێـوەی نیمچەبەرەی یەکێتی بە شێوەیەکی ئاسایی دێتە گۆڕێ، هەرچەندە ئەم هێزانە رێککەوتبوون لەو چوارچێوەیـە درێـژە بە خەبات بدەن، بەڵام ئەو هاوخەباتیە تاسەر نەبوو، کۆمـەڵێك کێشـە خـۆی قـوت کـردەوە دەرئـەنجامی ئـەو کێشـانە (ب.س.ك) لە چوارچێوەی یەکێتی چوونە دەرەوە، چونکە بەشداریکردنی بزووتنەوە لە یەکێتی بڕیـارێکی بـە کۆمـەڵی

بزووتنەوە نەبوو، واتا پێش بڕیاردان لە بەشداریکردنەکە پێشنیارێك لەو بارەیەوە نەبووە نەبووە کە کۆبوونەوەی تایبەتی بۆ بکرێ و هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێ ئەوجا لە کۆتایی بڕیاری بەشدار بوون بدرێ.(شاخەوان شۆڕش، س.پ.: ل ١٠٠). بەهرۆز گەلاڵی تێبینی ئەم ناکۆکیەی کردووە لەناو سەرکردایەتی بزووتنەوە لە ڕوانینیان بەرامبەر نیمچە بەرە لە ڕووی ئەوەی ساڵح یوسفی و عەلی هەژار و چەند کەسێکی تر لەگەڵ ئەوەی بزووتنەوە ئەندام بوو لە چوارچێوەی(ینك)، بەڵام ویستویانە بزووتنەوە سەربەخۆیی تەواوی هەبێت لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ حزب و لایەنە سیاسییەکانی تر، کەچی عەلی عەسکەری و خالید سەعید، پێچەوانەی ئەو ڕایە بوون.(بەهرۆز گەلاڵی: س.پ، ل٣٢، ٣٣)؛ پێیان وابووە لەگەڵ یەکێتی و هاوبیرانی حزبێکی جەماوەری دروست بکەن، ئەو ناکۆکیە بەو ئاستە گەیشت بەر لە بەڕێکەوتنی هێزی یەکێتی بەرەو هەکاری ناکۆکی ناوخۆیی بزووتنەوە بەرەو لێکترازان بچێت و بارەگاکانیان لە یەکتر جیاببێتەوە، باڵی ڕەسول مامەند لە خڕی ناوزەنگ و عەلی عەسکەریش لە نۆکان هەڵیانداوە.(مەلا بەختیار، س. پ.: ل ٢٠٦-٢٠٧).

**دووەم: ناکۆکی و بۆچوونە جیاوازەکانی نێوان کۆمەڵە و بزووتنەوە:** یەکێتی دەیویست لە پاشەڕۆژدا، سەرئەنجامی پێشکەوتنی باڵەکانی، ببێتە بەرەیەکی نیشتمانیی، یەکێتی باوەڕی بە فرەباڵی و باڵی جیاجیا هەبوو، ئەگەرچی وەك مەسەلەیەکی تیۆریی فرە باڵی لە بەرنامەی یەکێتیدا چەسپیبوو، بەڵام بە پراکتیك نە یەکێتی و نە باڵەکانی ناو یەکێتی بەوە ڕانەهێنران کە ناکۆکی باڵەکانی ناو یەکێتی بابەتیانە و دیموکراسیانە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ، چونکە باڵەکان چەند لە ڕووی سیاسی و عەسکەریەوە کۆك بوون، هێندەش لە ڕووی ئایدۆلۆژییەوە ناکۆك بوون.(هـ. س.، ل١٩٤-١٩٥). هەماهەنگی سەربازیی و کارکردن لە چوارچێوەی سیاسیی و نیمچە بەرەدا، نەبووە مایەی نەهێشتنی جیاوازی فکری و ڕێکخراوەیی لە نێوان کۆمەڵە و بزووتنەوەدا. کۆمەڵە لەسەر بیروڕا مارکسی – لینینییەکەی خۆی سور بوو، بەڵام بزووتنەوە گوزارشتی لە بیروباوەڕی چەندین چینی نیشتمانیی و ئاراستەی جیاجیا دەکرد، لە بیروڕا و هەڵوێستە فکریەکانیدا میانڕەوتر بوون.(عادل موراد، (کوردستانی نوێ - ٥٢١٨): ٢٠١٠/٧/١). لە هەمبەر دەسپێکردنی خەباتی چەکداری، بزووتنەوە دەسپێکردنی خەباتی چەکداری بە ڕێوشوێنێك بۆ بەزۆرهێنانی ڕژێمی عێراق بۆ سەرمێزی وتووێژ دادەنا و لەو سۆنگەیەوە بزووتنەوە ئەوەندەی بە یاخیبوونی خێڵەکی پشت ئەستوور بوو، هێندە بە شەڕی پارتیزانی پشت ئەستوور نەبوو، لە بەرامبەر و ستراتیجی ئارام لە دەسپێکردنەوەی خەباتی چەکداردا هەمان ئەو ستراتیجەیە لە نەخشەی ساڵی ١٩٧٦ ی (ڕزگاری)[٨] تاڵەبانیدا باسکراوە لە دروستکردنی یەکە چەکدارەکاندا، ئارام بە شێوەیەك هەڵسوکەوتی کرد کە ویستویەتی شار ملکەچی لادێ نەبێ، باوەڕیشی وابوو خەباتی لادێ لە قۆناغێکی کاتی بەولاوە هیچی تر نیە و لە کۆتاییدا دەستپێشخەری هەردەبێ بۆ شار بگەڕێتەوە. جیاوازی نێوان ئەم دوو ستراتیجیە لەوەدایە، کە ئارام دەیویست جوڵانەوەی چەکدار بگەیەنێتە ئاست بەدیهێنانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، لە کاتێکدا بزووتنەوە هەڵسوڕانی چەکداری بەبێ هیچ ئامانجێکی کۆمەڵایەتی دەویست.(شاسوار جەلال (ئارام) ، ٢٠١٢: ل٣١-٣٣) .

سەرەڕای بۆچوونی جیاواز لەمەڕ چۆنیەتی خەباتە چەکدارییەکە دوای هەرەس، بۆچوونەکان لەسەر خەباتی چەکداری لەسەر دوو بنچینەی جیاواز یەکیان پێگیرا :

یەکەمیان: بە دەستەی پێشمەرگەی نهێنی پارتیزانەوە بۆ هۆشیارکردنی زەحمەتکێشانی، بە ناوی شۆڕشی نوێوە لە پێناوی ڕووخاندنی ڕژێم و دیموکراتی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان دابین بکات، شۆڕشەکەش ناوبنرێت "شۆڕشی عێراقی لە کوردستانەوە هەڵگیرساو" ئەم بۆچوونە دەستەی دامەزرێنەری (ینك و کملك) نوێنەرایەتیان

دەکرد.

دووەمیان: پێکەوەنانی هێزێکی چەکداری فراوان، لە تەواوی چین و توێژەکانی میللەت، وەك خۆپیشاندانێکی چەکداری هەتا فشاربخرێتە سەررژێم، دانووستان بە زوویی بسەلمێنێ و، دروشمیشیان ئەوە بوو (ئەوەی دەکرێ رزگار بکرێ) ئەم بۆچوونەش( ب. س. ك) پێرەویان دەکرد.(مەلا بەختیار: شۆرشی کوردستان، س. پ. ل ٣٢ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا جەعفەر، سلێمانی، ٢٠١٥/٢/١٠) ، چونکە پێیان وابوو دام و دەزگا لێکترازاوەکانی بزووتنەوە چەکدارەکەی پێشوو، دەتوانرێت سەرلەنوێ وەك جاران ببوژێنرێتەوە و درێژە بە خەباتی چەکداری بدرێ، هەمیشە ئەوەیان دووبارە دەکردەوە کە (تەنها سەرکردایەتیەك هەرەسی هێناوە، جەماوەر هەر هەمان جەماوەرە).( سەروەر عبدالرحمن: س. پ.، ل٢١٤).

یەکەم یەکتربینینی عەلی عەسکەری و ئارام جەلال هاوینی ١٩٧٦ بوو. (یەکێتی نیشتمانی کوردستان، س. پ.، ل٢٢٠-٢٢١). لەگەڵ بوونی ناکۆکی نێوانیان، بەڵام هەردوو لا لە سەر دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری هاودەنگ دەبن. (شاسوار جەلال (ئارام ) س. پ.، ل ٣٣). ئەو ناکۆکییانە دواتر کاریگەریی خراپی لەسەر یەکپارچەیی یەکێتی جێهێشت، بواری پێکەوە هەڵکردنی بەرتەسك کرد. سەرکردایەتی دەرەوە و تاڵەبانی بەردەوام هەوڵی تەبایی و پێکەوەیی بزووتنەوە و کۆمەڵەیان داوە، مەلا بەختیار لەو بارەیەوە دەڵێ:" لە وەڵامی نامەکانی مام جەلال بۆ ئێمە بەردەوام باسی تەبایی و گونجاوی نێوان کۆمەڵە و بزووتنەوە و، رێزگرتن لە عەلی عەسکەری و عومەر دەبابە دەکات".( نەوشیروان مستەفا ئەمین، س. پ. ، ل ١٧١). سەرەرای جەخت کردنەوەی تاڵەبانی بۆ یەکریزی و تەبایی ناوخۆ، سەرانی کۆمەڵە و بزووتنەوە نەیانتوانیبوو لەسەر دیارییکردنی "سەرکردایەتی وڵات" و ژمارە و دابەشکردنی ئەرك و فەرمانەکانیان رێک بکەون، بۆ ئەوەی ناکۆکیەکانیان گەورە نەبێ، وەکو چارەسەرێکی کاتی و مامناوەندی تا گەرانەوەی تاڵەبانی لەسەر ئەوە پێکهاتبوون سەرکردایەتی دوانە بۆ ناوچەکان دروست بکەن، لە هەر ناوچەیەکدا دوو کەس یەکێك لە کۆمەڵە و یەکێك لە بزووتنەوە دابنرێت، دەسەڵاتی هەردووکیان وەکو یەك بێ و پێکەوە کاروباری پێشمەرگەیی و سیاسی و رێکخراوەیی ناوچەکە سەرکردایەتی بکەن، بەم پێیە ئارام و رەسوڵ مامەند بۆ کاروباری سیاسی، سالار عەزیز و عەلی عەسکەری، تاڵب رۆستەم و خالید سەعید، عومەر عەبدوڵا و تایەر عەلی والی بۆ کاروباری پێشمەرگایەتی ناوچەکان دانرابوون.(هـ. س، ل ١٧١).

ئەم بارودۆخە تا گەرانەوەی نەوشیروان مستەفا و لە پاشان جەلال تاڵەبانی بەردەوام دەبێت، پێدەچێت بارودۆخی ناوخۆ لە ئاستی چاوەروانی سەرکردایەتی دەرەوە نەبووبێت، چونکە لە یەکەم دیداری تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا، دوای گەرانەوەی تاڵەبانی، نەوشیروان مستەفا دەڵێت:"ئێمە ئەوانەی دەرەوە لەگەڵ ئەم برادەرانەی ئێرە، هەر ناوەکەمان یەکە، ئەگینا لە هەموو شتێکدا جیاوازین". عومەر شێخموس لەو بارەیەوە دەڵێ:" ئێمە لە دەرەوە بیرمان لە (ینك) وەکو رێکخستنێکی یەکگرتوو کردبووەوە، بەڵام بە داخەوە برادەرانی وڵات کردیان بە تەیاراتی رێکخراو و هێزی پێشمەرگەی رێکخراو".( هـ. س، ل ١٦٧). لێرەدا بە دەردەکەوێت تا گەرانەوەی سەرکردایەتی دەرەوە و خودی تاڵەبانی نیمچە بەرە لەسەر ئەرزی واقیع سەرکەوتنی بە دەست نەهێنابوو، گونجاندن لە رووی سیاسی و چەکداری وەکو پێویست نەبوو دوای گەرانەوەی تاڵەبانی بۆ کوردستان لە ئابی ١٩٧٧ بارودۆخەکە چاکتربوو. (عادل موراد، گۆڤاری(کەلتور- ٦)، ٢٠١٢: ل ١٦٤).

بەگەیشتنی تاڵەبانی یەکەمین کۆبوونەوەی سەرکردایەتی (ینك) لەسەر ئەرزی کوردستانی عێراق دەکرێت، کە گرنگیەکی تایبەتی هەبوو، چونکە تا ئەو کاتە یەکێتی سەرۆك یا سکرتێر و مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەیەکی

سەرکردایەتی دیاریکراوی نەبوو لەو کۆبوونەوەیە کە لە ناوچەی سێ سنوور (بە دۆڵە فشە ) بە ناوبانگە کە بە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی دەرەوە و ناوەوە دەناسرێت، کۆمیتەی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی دیارییکران جەلال تاڵەبانی بە سکرتێری گشتی هەڵبژێردرا، مەکتەبی سیاسی هەریەك لە عەلی عەسکەری و رەسوڵ مامەند لە بزووتنەوە، ئارام جەلال، سالار عەزیز، لە کۆمەڵە دیارییکران.(محەمەدی حاجی مەحمود، ١٩٩٩: ل.١٢٠). کەواتە گەڕانەوەی تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا بۆ وڵات، بارودۆخەکەیان کەمێك گۆڕی، بەڵام ڕەوتی ڕێکخراو لەناو (ینك) هەر مایەوە، کۆمەڵە بۆچوونێکی فکری وایان هەبوو، لە بەرئەوەی ئەوان ڕێکخراوێکی مارکسی لینینیین، مافی ئاسایی خۆیانە بەگوێرەی ئەو تیۆرییە، دەتوانن سەرکردایەتی بەرەیەکی لە شێوەی (ینك) بکەن، هەموو ڕێکخراوە مارکسی و لینینییەکانی لە جیهان بەو شێوەیەیە/(نەوزاد عەلی ئەحمەد ، ٢٠١٠: ل١٤٩).

**سێیەم: ناکۆکییە فکرییەکانی نێو نیمچە بەرە:** یەکێتی ڕێکخستنێکی فراوان و یەکگرتووی نەبوو، پێکهاتبوو لە چەندین ڕێکخستن و خەتی جیاواز، هەم بزووتنەوە هەم کۆمەڵە ئایدۆلۆجی تایبەت و، سەرکردایەتی جیاوازو ڕێکخستنی سەربەخۆی خۆیان هەبوو. (نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری دانوبەوە، س. پ.: ل ١٧٤). سەرەڕای ئەم جیاوازییانە کۆمەڵە و بزووتنەوە لەناو خۆیانیشدا لەسەر هەڵبژاردنی ئایدیۆلۆژیایەکی ڕوون ناکۆك بوون، تاکو بیکەن بە ناسنامەی خۆیان و زۆرینە پێی ڕازی بن، بە نموونە (کملك) کە دادەمەزرا، پێڕەوی ئایدیۆلۆژیای مارکسی لینینیی ئەندێشەی ماوتسی تۆنگ دەکات، واتە لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژیا دروستبووە، مامۆستا جەعفەر ڕای وایە ئەو حزبانەی لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژیی دروست دەبن، تووشی کەرتبوون و دووبەرەکی دەبن، چونکە ئەو کات ئەوەی بڕوای بەو فکرەیە هەبوو، وەکو دەروێش بیریان دەکردەوە، بەردەوام خەریکی وتەکانی ماو بوون.(چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا جەعفەر: ١٠/ ٢/ ٢٠١٥)[٩].

ئەرسەلان بایز ئەو سۆفی و دەروێشیە بە تیغێکی دوودەم دەچوێنێ لەو بارەیەوە دەڵێت:"ئەگەر ئەو دەروێشیە نەبوایە ئەو هەموو ئازایەتی و لەخۆبوردووییە، ئەو هەموو کارە قورسانە لەو ڕۆژە سەخت و دژوارانە بە چاکی ڕاپەڕێنران، شۆڕش نەیدەتوانی بەردەوام بێت، بەڵام لەلایەکی ترەوە بیروباوەڕی مارکسی ببووە (مەزهەب) و خەڵك بە تەقدیسەوە لێی دەڕوانی هەمووومان (کتابی) بووین، دەروێشی تاقیکردنەوەکانی ڕووس و چین و ڤێتنام و.....هتد بووین، لە کاتی گفتوگۆ و مناقەشەدا دەمان وت فلان لە فلان لاپەڕەی فلان سەرچاوە وا دەڵێت، ئیتر ئەمە قابیلی هیچ موناقەشەیەك نەبوو وەکو ئایەتی قورئان پیرۆز بوو لامان، هیچ مەجالی ڕەخنە و زیاد و کەم نەبوو".(ئەرسەلان بایز، ٢٠٠٥: ل ١٨٢ - ١٨٣). م. جەعفەر ئەم پرۆسەیە لەو دەرئەنجامە دەبینێت فکرەی ئەم ڕێکخراوە لە دەرەوە هاتووە، زۆربەی شتەکان وەرگیراو بوون، لەگەڵ واقعی کۆمەڵگەی کوردەواری نەبووە، م. جەعفەر دەڵێت:"لای ئێمە پێوەری ڕۆشنبیری ئەوە بوو، ئایا تۆ کتێبەکانی ماوت لەبەرە یان نا، هەندێك نووسینی مام هەبوو، ئەویش زۆر لە ژێر کاریگەری ماو بوو".(چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا جەعفەر: ١٠/ ٢/ ٢٠١٥).

بیروباوەڕی (م.ل/ ماوتسی تۆنگ ) ئەوکات وەکو مۆدیلی لێهاتبوو لە کۆمەڵگای کوردەواری و لاوەکانی بەلای خۆیدا ڕاکێش دەکرد، جەبار فەرمان لەو بارەیەوە دەڵێت:"ئێمە گەنج بووین لەو سەردەمەی بیروباوەڕی (م.ل / ماوتسی تۆنگ ) ڕەونەقی هەبوو، خۆمان لە کۆڕێکی دەروێشانە و سۆفیانە دۆزیەوە، خەریکی حەلەقاتی ڕۆشنبیری بووین بۆ پێکهێنانی کۆمەڵە".(کۆمەڵە لە سێدارەوە بەرەو ڕاپەڕین، س.پ، ل ٢٤).

هەرچی دەربارەی ئایدیۆلۆژیای بزووتنەوەیە، دەستەی دامەزرێنەری ئەو بزووتنەوەیە، هەتا لەناو ئەندام و لایەنگرانی ئەو ڕێکخراوەش یەك بیرو بۆ چوونیان نەبوو، لەناو بزووتنەوە ئاراستەی جیاجیای تێدابوو، هەندێك

بیروباوڕی مارکسی لینینییان هەبوو، هەندێکیان سۆسیالیست دیموکرات و بەشێکیان نەتەوەیی ڕووت.(ڕێباز، س. پ.، ل ٦٢). ئەمە بوو بە هۆکاری ئەوەی بزووتنەوە هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە بەرەو ڕووی چەندین کێشەو بەرەنگاری ببێتەوە، ئەمانە کاریگەری بەسەر کار و چالاکیەکانی هەبوو و هۆکاریش بووە بۆ پەیدابوونی ململانێی ناوخۆ، لەوانە ڕێکنەکەوتن لەسەر یەك ئایدیۆلۆژیای دیاریکراو، بەشێک لە کادر و سەرکردەکانی بە تایبەت ئەوانی چوونە شاخ و دەستیان کرد بە خەباتی چەکداری، باسی هزری (مارکسی – لینینیی) یان دەکرد، بەڵام بەشەکەی تری ئەوانەی لە شار مانەوە و نزیکی سالح یوسفی بوون، باسی هزری سۆسیال دیموکراتیان دەکرد.(محمد فاتح، س .پ ، ل٢٥١).

محەمەد شاکەلی لەم بارەیەوە دەڵێت:" ناسنامەی سۆسیالیست برادەرانی شاخ شاردیانەوە، ئێمە نەمانگوتووە (مارکسی– لینینین )، ئێمەی شار دەمانگوت حزبێکی سۆسیالیست دیموکراتین، بەڵام برادەرانی شاخ نەیانتوانی شەرحی بکەن".(چاوپێکەوتن لەگەڵ محمد شاکەلی،١ / ٢/ ٢٠١٥ ). لەو بارەیەوە لە ڕاپۆرتی سیاسی حزبی سۆسیالستی ساڵی ١٩٨١ هاتووە،"سەرەڕای ونی فکر و ڕێبازی بزووتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان کە فکر و ڕێبازی سۆسیالیزمی زانستی و دیموکراسی گەلی بوو لە ڕێگای خەباتیدا، بەڵام لەبەر ئەوەی ناوی بزووتنەوە لەگەڵ زاراوەی سۆسیال دیموکراتی جیهانی ناسراون گومانلێکراو کە پشتی لە فکری شۆڕشگێڕیی کرد، زۆر لێکنزیکتر بوون، ناچار بزووتنەوە لە ڕێگای ڕاپرسیەکی گشتیی و پرس و ڕاوەرگرتنی هەندێ هێزی نیشتمانیی تر ( التباس) ەکە هەڵگیرا و وشەی دیموکراسی لادرا، کرا بە بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان[١٠] .

لەناو یەکێتی ململانێی فکریی توند هەبوو، کۆمەڵە ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو ڕێکوپێکی و بەرنامەیەکی باشتر کاری دەکرد، لە بەرامبەردا بزووتنەوە لەگەڵ ئەوەی هێزێکی خێڵەکی زۆری لەگەڵ بوو، بەڵام هێزێکی ڕێکخستنی ڕێك و پێك نەبوو، لەڕووی فکریی و ڕێکخراوەیی وەك پێویست ئامادە نەکرابوون.(چاوپێکەوتن لەگەڵ محمد فاتح ، ٢/ ٣/ ٢٠١٥). بەم شێوەیە ئەم دوو هێزە لە ململانێیەکی ئایدیۆلۆجی بوون، بە هاتنەوەی جەلال تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا بارودۆخەکەیان کەمێك گۆڕی، بەڵام باڵەکانی ناو (ینك) هەر مانەوە، کۆمەڵە بۆچوونێکی فکریی وایان هەبوو، لەبەر ئەوەی ئەوان ڕێکخراوێکی مارکسی– لینینیین، مافی ئاسایی خۆیانە، کە بە گوێرەی ئەو تیۆریە، سەرکردایەتی بەرەیەکی لە شێوەی یەکێتی بکەن.(چاوپێکەوتن لەگەڵ مسعود عبدالخالق، ٢٠١٥/٧/١٥). لەسەر ئەو بنەمایە کۆمەڵە هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە، هەوڵدانی بۆ دامەزراندنی حزبی پێشڕەوی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کردۆتە، ئەڵقەی ناوەندیی خەباتی ئایدیۆلۆژیی، سیاسیی، ڕێکخراوەیی خۆی.(جوامێر، گۆڤاری (کۆمەڵە- ٣)، زستانی ١٩٧٩: ل ٧٢)، واتە چوارچێوەی یەکێتی لەسەر بنەمای (یەکێتی و ململانێ) دروستببوو، وا دارِژرابوو، کە کۆمەڵەی مارکسی – لینینیی بە حزبێکی پێشڕەوی پرۆلیتاریی لە کۆتایی دەربچێت، ئەوەی لە ناو یەکێتی، بزووتنەوەی سۆسیالیست و دوایی هێڵی گشتی، ئەگەر ئەو کاتی بێت یان دوایی، سەرئەنجامێکی مەنتقی دەبێت، بەو واقعەی ناو یەکێتی ڕازی نەبێت، بۆ ئەوەی ئەو لە پێناو ماددەیەکی خۆراکی مێژوویی بێت لە پێناو حزبێکی تر.(چاوپێکەوتن لەگەڵ مسعود عبدالخالق، ٢٠١٥/٧/١٥).

**چوارەم: کاریگەریی ململانێ و ناکۆکییە کەسییەکان :** یەکێك لە هۆکارەکانی تری کەرتبوون بە گشتی لەناو بزووتنەوەی ڕزگارییخوازی کوردییدا هۆکاری کەسییە، چونکە تاکە کەس ڕۆڵی سەرەکی هەیە، لە ئاراستەکردنی ڕووداوەکان، مەحمود عوسمان پێی وایە تاکە کەس نەك هەر لەناو کوردا کاریگەریی هەیە، بەڵکو لە ئاستی دنیا کاریگەریی هەیە.(چاوپێکەوتن لەگەڵ مەحمود عوسمان، ٢٣/ ٢/ ٢٠١٥). بەڵام محەمەد شاکەلی جیاوازییەکە لەوە

دەبینێتەوە کەسی ڕۆژهەڵاتیی بە گشتی کەم گرنگیی بە ڕاوێژ دەدات، و ئەمە بە یەکێك لە هۆکارەکانی کەرتبوون دادەنێت.(چاوپێکەوتن لەگەڵ محمد شاکەلی، ١ /٢/ ٢٠١٥). ئەو کاتەی بزووتنەوە لەناو یەکێتیدا بوو، ئەو ڕایە لەلای کادرانی بزووتنەوە دروست ببوو، کە تاڵەبانی زیاتر بەلای کۆمەڵەدا شکاندویەتیەوە، ئەمەش بۆتە هۆی ناکۆکی لە نێوان بزووتنەوە و تاڵەبانی، چونکە بزووتنەوە پێیان وابوو، پێویستە سکرتێری گشتی هی هەردوولا بێت و بەیەك چاو تەماشای هەردوو لا بکات.(بەهرۆز گەڵاڵی، س.پ، ل ٥٨). دەربارەی جیاوازی ڕوانینی تاڵەبانی بۆ بزووتنەوە، لەناو بزووتنەوەدا ئەم تێبینیانەیان لەسەر تاڵەبانی هەبوو:

أ – باسیان لە تاکڕەوی تاڵەبانی دەکرد و بەوە تاوانباریان دەکرد، کە بیروڕای خۆی دەسەپێنێت و گوێ بە سەرکردایەتی بەکۆمەڵ نادات.(محمد فاتح: س.پ، ل ٢٧٤ ؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری دەشکێنن، س. پ. ل ٣٣). پێشتر لە شەستەکاندا (م.س) سەرۆکی پارتی بە تاکڕەویی تاوانبار دەکرد، کەچی خودی تاڵەبانیش بەو جۆرە ڕەفتارانە تاوانبار دەکرێت، عادل مراد لەو بارەیەوە دەڵێت:"دانووستان لەگەڵ ڕژێم هەبوو، ئاغا و کوێخا لە بەین بوو بەبێ ئەوەی پرس بە (م.س) بکرێت، بۆیە بیرم لە جێهێشتن دەکردەوە"/(چاوپێکەوتن لەگەڵ عادل مراد، ٢١/ ٦/ ٢٠١٥).

ب - بوونی جیاوازیی لە دابەشکردنی چەك. بزووتنەوە پێی وابوو جیاوازی لە دابەشکردنی چەك دەکرێت، بە تایبەتی پاش ئەوەی چەك بە قاچاغ هاتبوو، عەدنان موفتی دەڵێت: "چەکەکان دابەش نەکرابوون".(چاوپێکەوتن لەگەڵ عدنان مفتی، ٥/ ٢/ ٢٠١٥). بەڵام بزووتنەوە پێیان وابوو تاڵەبانی بە لای کۆمەڵە دائەشکێنێ، کۆمەڵە لەسەر حسابی بزووتنەوە بەهێز ئەکا، لە دابەشکردنی چەك و پارەدا زۆرتر بەشی کۆمەڵە ئەدا.(نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری دەشکێنن، س. پ. ل ٣٣).

ج - هەوڵی تاڵەبانی بۆ گۆڕینی نیمچە بەرەی (ینك) بۆ ڕێکخستنێکی یەکگرتوو، و تواندنەوەی لەناو یەك پارتدا دەدا.(شاخەوان شۆرش: س.پ ، ل١٠٣). لەو بارەیەوە لە ڕاپۆرتی سیاسی بزووتنەوە هاتووە:"تاقیکردنەوەی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان سەرکەوتنی بە خۆیەوە نەدیت، وەکو ئێمە هیوامان بوو، ئەوە بوو سەرنەکەوت لە دروستکردنی چوارچێوەیەکی گونجاوی ئەوتۆ، کە ڕێکخراوە سیاسییەکان بتوانن لە ناویدا منافەسە بکەن، بەڵکو ئەو چوارچێوەیە وردە وردە، دەگۆڕا بە شێوەی تاکە حزبی بگرە زیاتریش لەوە تاکە کەسێک دەستی بەسەر هەموو کاروبارێکدا گرتبوو".[١١]

عەدنان موفتی ناکۆکیەکان دەگێڕێتەوە بۆ ئەو فەرهەنگەی بزووتنەوە و کۆمەڵە لە قبوڵنەکردنی یەکتری بڵاویان دەکردەوە، کۆمەڵە پێی وابوو هەمووی دەبێت کۆمەڵە بێت، جەلال تاڵەبانی هەڵسوکەوتی لەگەڵ کۆمەڵەی پێ ئاسانتر بوو. هەتا عەلی عەسکەری مابوو، وانەبوو، بەڵام پاشتر وابوو.(چاوپێکەوتن لەگەڵ عدنان موفتی، ٢/٥ / ٢٠١٥). مەلا بەختیار ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە، کە تاڵەبانی لە کاتی عەلی عەسکەریدا زیاتر بەلای بزووتنەوە بووە، بەڵام لە کۆتاییەکانی و لە کاتی توندبوونی ململانێکان تاڵەبانی هاوکاری بزووتنەوەی کەمکردەوە.(مەلا بەختیار، یاخیبوون، س. پ. ل ٧٦).

**پێنجەم: کارەساتی هەکاری و جیابوونەوە** :ڕووداوی هەکاری، کە لە فەرهەنگی یەکێتی بە کارەساتی هەکاری ناودەبرێت، کاریگەریەکی قووڵی دروستکرد و کەرتبوونی ریزەکانی یەکێتی خێراتر کرد. ڕووداوی هەکاری و لەناوبردنی عەلی عەسکەری و خالید سەعید پێگەی باڵی جەلالی لەناو بزووتنەوە لاواز کرد. سەرکردایەتیەکانی بزووتنەوە هەموو لەو کادرانە بوون، کە پێشتر لەناو پارتی باڵی (مەلایی) کاریان کردووە.(محمد فاتح: س.پ ، ل٢٧٣

– ٢٧٤). بەهرۆز گەڵاڵی ئاماژە بەوە دەکات، کە لەدەستدانی ئەو سەرکردانەی بزووتنەوە، یەکێتی تووشی نسکۆیەکی کاتی کرد، بەڵام بەشی زۆری بەر بزووتنەوە کەوت، وای کرد کە کەسانی بێتوانا تا ڕادەیەك بەرژەوەندییخوازی خۆیان لە بزووتنەوە و سەرکردایەتیەکەی نزیك بکەنەوە، ناوبراو سەرهەڵدانی شەڕەکانی ناوخۆ و پارچەپارچەبوون بزووتنەوەی کوردایەتی بۆ لە دەستدانی عەلی عەسکەری و خالید سعید دەگێڕێتەوە. (بەهرۆز گەڵاڵی، س. پ ، ل ٥٣-٥٤). بەڕوودانی کارەساتی هەکاری ساردیی لە نێوان بزووتنەوە و تاڵەبانی زیاتر بووە، بەڵکو هەندێ لە کەسانی سەرکردایەتی بزووتنەوە گومانیان لە تاڵەبانی پەیداکردووە لەمەڕ چۆنیەتی دوای ڕوودانی ئەم کارەساتە. (شاخەوان شۆرش: س. پ ، ل١٠٣). عەلی عەسکەری و خالید سعید وەکو دوو کەسایەتی بەهێز ڕێگربوون لە تەقینەوەی ئەو ململانێ و کێشانەی، کە پێشتر لەناو یەکێتی هەبوون، توانیویانە ئەو بارودۆخە ڕاگرن، بە نەمانی ئەوان و هاتنی نەوەیەکی نوێ و خەڵکی دووەم ئەو واقعەیان پێ قبوڵ نەکراوە. (چاوپێکەوتن لەگەڵ محمد فاتح، ٣/٢/ ٢٠١٥)، بەتایبەتی دوای ئەو ڕووداوە، کۆمەڵە دەیویست لەناو یەکێتی باڵادەست بێت، لە بەرامبەردا بزووتنەوە خۆی بە غەدرلێکراو دەزانی، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی پێش ڕووداوی هەکاری بزووتنەوە زۆرینە بوون. (چاوپێکەوتن لەگەڵ عادل مراد، ٢١/ ٦/ ٢٠١٥ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عەدنان مفتی، ٥ / ٢/ ٢٠١٥). دوای ڕووداوی هەکاری بزووتنەوە بە بڕیاری ڕەسوڵ مامەند، کە بەکردەوە پاش نەمانی عەلی عەسکەری و خالید سەعید لە گۆڕەپانی سیاسی بوو بە کەسی یەکەم، بارەگای خۆی لە سەرکردایەتی یەکێتی و کۆمەڵە دوورخستەوە.(برایم جەلال، ب . ش، ٢٠١١: ل ١٧٦). بەم شێوەیە باڵەکەی رەسوڵ مامەند ڕێگەی بۆ خۆش بوو، وەکو دەیانویست هەڵوێستی جیاواز لە هی یەکێتی وەرگرن.(هـ. س.، ل ٣٢٦). بڕیاریاندا لە ڕیزی (ینك) دەربچن و سەربەخۆ کاربکەن، ئەم بڕیارە لە٢١ ی ئازاری ١٩٧٩ جێبەجێکرا.(نەوشیروان مستەفا: پەنجەکان یەکتری دەشکێنن، س.پ، ل ٣٣). دیارە جگە لەم هۆکارانە، کۆمەڵێك هۆکاری تریش لە پشت ئەم ڕووداوانە هاندەر بوون، بۆ هاتنە دەرەوەی بزووتنەوە دیارترینیان:

بەشێک لە سەرچاوەکانی یەکێتی لیژنەی ئامادەکاری مەحمود عوسمان بەوە تۆمەتبار دەکەن کە دەستی هەبووە لە تێکدان و چاندنی تۆوی گومان لە نێوان بزووتنەوە و کۆمەڵە و جەلال تاڵەبانی، هۆکاری ئەمەش دەگێڕنەوە بۆ ئەوەی ماوەیەك بوو لیژنەی ئامادەکاریی دروستکردبوو، کەسی لێ کۆنەببووەوە، هەر بۆیە ناکۆکی ڕیزەکانی یەکێتی بە هەلزانی و ئەو هەلەی قۆستۆتەوە و ڕۆڵی خراپی گێڕاوە، بۆ ئەوەی ڕەسوڵ مامەند، لەگەڵ یەکێتی تێکبچێت.(ڕێباز، س. پ.، ل ٦٣؛ برایم جەلال، س.پ، ل ١٧٧). گەلالی ئەوە پشت ڕاست دەکاتەوە لەکاتی توندبوونی ململانێکاندا، پارتی دیموکراتی کوردستان/ لیژنەی ئامادەکاریی خۆی لە سەرکردایەتی بزووتنەوە نزیك دەخستەوە، کاریگەری خۆی خستە سەر سەرکردایەتی بزووتنەوە، بۆ ئەوەی بزووتنەوە لە (ینك) جیابێتەوە، چونکە لیژنەی ئامادەکاریی دەیویست یەکبگرن، بۆ ئەوەی خۆی بە بزووتنەوە بەهێز بکات.(بەهرۆز گەڵاڵی، س.پ، ل ٥٨). لەم بارەوە محەمەد فاتح پێی وایە لیژنەی ئامادەکاریی و د. مەحمود عوسمان سودیان لەو بابەتە وەرگرت، چونکە ژمارەیان پێشتر (٥- ٦)کەس بوو.(چاوپێکەوتن لەگەڵ محمد فاتح، ٣/٢/ ٢٠١٥). نەوشیروان مستەفاش دەڵێت:"جیابوونەوەی ڕەسوڵ شتێکی چاوەڕوانکراو بوو، بەڵام ڕۆیشتنی د.مەحمود بۆ هەمووومان کتوپڕ بوو، چونکە هیچ کاتێك باسی شتی وای نەکردبوو، بەڵام دوایی دەرکەوت د. مەحمود دەستێکی باڵای هەبوو لە هاندانی ڕەسوڵ و هاوڕێکانی بۆ ئەم کارە".( محمد فاتح، س. پ، ل ٥٥). بەڵام مەحمود عوسمان نکۆڵی لەوە دەکات هانی بزووتنەوەی دابێت بۆ جیابوونەوە، هەرچەندە ئەوە ناشارێتەوە کە کەس بێ دەور نەبووە لە گۆڕەپانەکە(چاوپێکەوتن لەگەڵ محمود عوسمان، ٢٣/٣/ ٢٠١٥). عەدنان موفتی لەبارەی تۆمەتبارکردنی لیژنەی ئامادەکاریی و مەحمود عوسمان دەڵێت:" بۆ

مێژوو دەیڵێم، ڕەسوڵ مامەند و قادر عەزیز بڕیاری جیابوونەوەیان دابوو".(چاوپێکەوتن لەگەڵ عەدنان موفتی، ٢/٥ / ٢٠١٥). لەژێر ڕۆشنایی ئەو زانیاریانە، بزووتنەوە ویستویەتی سوود لە توانای مەحمود عوسمان وەربگرێت، بەتایبەت پاش ئەوەی بەشێکی زۆری سەرکردایەتی لەناو شارا لە ژێر دەسەڵاتی ڕژێم بوو،

لێرەدا نابێت ڕۆڵی پدك بۆ جیابوونەوەی بزووتنەوە لەبار چاو نەگیرێت، چونکە پدك بەردەوام هەوڵی درزخستنە ناو ڕیزەکانی یەکێتی داوە، و جیاکردنەوەی بزووتنەوە لە بەرژەوەندیدا بووە، مەحمود عوسمان لەو بارەیەوە دەڵێت:"پارتی جیابوونەوەی بزووتنەوەی پێ خۆش بوو، چونکە لە شەڕدا بوون، هەر لاوازیەکی یەکێتی بەهێزیی پارتی بووە".( چاوپێکەوتن لەگەڵ محمود عوسمان، ٢٠١٥/٢/٢٣). لەم بارەیەوە باس لە ڕۆڵی سەرکردایەتی کاتی (پدك) دەکرێت بەتایبەتی (سامی عەبدلڕەحمان )، کە درێخی لە هەوڵی لێکترازانی ریزەکانی یەکێتی نەکردووە، بەو نامانەی کە ناردوویەتی بۆ ڕەسوڵ مامەند، سەرکردایەتی کاتی (پدك) تاکتیکێکی زیرەکانەی هەڵبژاردبوو، دەیویست یەکێتی لە ناوەوە هەڵوەشێنێ، پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵە و بزووتنەوە، بەجیا لە یەکێتی و جەلال تاڵەبانی دروست بکات، ئەم هەواڵە کار لە کۆمەڵە ناکات، لەبەرامبەردا کۆمەڵە بە بەیانێك وەڵامی هەوڵەکان سەرکردایەتی کاتی پارتی دەداتەوە[١٢]. تاکتیکەکەی سامی عەبدلڕەحمان کاری لە بزووتنەوە کرد و بە تەنیا کەوتنە پەیوەندی نامە گۆڕینەوە.(نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری دانوبەوە، س.پ. ل ٣٣٦). هەروەها ئاماژە بە ڕۆڵی نەرێنی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران(حدکا)[١٣] لە هاندانی بزووتنەوە بۆ هاتنە دەرەوە لە ریزی یەکێتی دەکرێت، بەبیانووی ئەوەی جەلال تاڵەبانی دەست لە کاروباری ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەردەدات و پشتیوانی لە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران دژی دیموکرات دەکات[١٤]، واتە وەکو تۆڵەیەك بەرامبەر تاڵەبانی.(چاوپێکەوتن لەگەڵ عادل مراد، ٢١/ ٦/ ٢٠١٥) لەو کاتەدا (حدکا) و بەتایبەتیش د.قاسملو ببوون بە هێزێکی گرنگ لە ناوچەکەدا، هانی دابوون و بەڵێنی دابوونێ یارمەتیان بدات و کارئاسانیان بۆ بکات.(نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری دەشکێنن، س. پ. ل ٣٣) بەم شێوەیە لە ژێر کاریگەریی ئەم هۆکارانە و لە ژێر پاڵەپەستۆی سەرکردایەتی ناوخۆی بزووتنەوە، لەسەر سەرکردایەتی دەرەوە بەتایبەتی عەلی هەژار، ئەوان لایان باشتر بووە لە (ینك) بێنە دەرەوە و سەربەخۆیی سیاسی و ڕێکخراوەیی پێشمەرگانەی خۆیان ڕابگەیەنن.(برایم جەلال: س.پ، ل ١٧٧، شاخەوان شۆڕش: س.پ، ل ١٠٢) لە ئەنجامی ئەم هۆکارانە لە نەورۆزی (١٩٧٩/٣/٢١) دا بەشی زۆری ئەوانەی خۆیان بە بزووتنەوەی سۆسیالیست دەزانی لەگەڵ کۆمیتەی ئامادەیی پارتی لە ڕیزی (ینك) هاتنەدەرەوەی خۆیان ڕاگەیاند، بنکەکانی خۆیان لە گوندی گۆڕەشێر لەناو خاکی کوردستانی ئێران بنیاتنا. دیارترین سەرکردە جیابووەکان: لە بزووتنەوە- ڕەسوڵ مامەند، تاهیر عەلی والی، قادر عەزیز، حاجی حاجی برایم، سەید کاکە، د.مەحمود عوسمان، قادر جەباری، عەدنان موفتی لە کۆمیتەی ئامادەیی بوون، لە ڕۆژی یەکەمی جیابوونەوەیان، ژمارەیەك پێشمەرگە لەگەڵیان ڕۆیشت.(فاتح رسول، ١٩٩١: ٤٩- ٥٠)

**تەوەری دووەم: ئەنجامەکانی جیابوونەوەی بزووتنەوە لە یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان:** هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش ئاهێکی بە بەر خەڵکدا هێنایەوە، بەڵام بە جیابوونەوەی بزووتنەوە جارێکی تر جەماوەر تووشی بێئومێدی بوون، چونکە ئەم جیابوونەوەیە کاریگەری نەرێنی لە بواری کۆمەڵایەتی و چەکداری و پێشمەرگایەتی جێهێشت، هەروەها ڕێگای بۆ هێزە هەرێمییەکان کردەوە، تاکو ڕۆڵی خۆیان لە گۆڕەپانی سیاسی هەرێم بگێڕن لە دیارترین کاریگەریەکانی لە بواری چەکداری جێهێشت، نەوشیروان مستەفا لەو بارەیەوە دەڵێت:"جیابوونەوەی چەکدارەکانی بزووتنەوە لەشکرێکی تری لە کوردستان زیاد کرد، بیری یەکخستنی چەکداری هەموو حزبەکان، لە (یەك لەشکری یەکگرتوودا) کە لە سەرەتای دامەزراندنی یەکێتیەوە باس ئەکرا، دەمانویست هەموو لایەنەکان بەم بیرە

ڕازی بکەین بە یەکجاریی داڕوخا، و لەوە بەدواوە کوردستان بەرەو (فرە لەشکری) ڕۆیشت، فرە لەشکری هۆی سەرەکی شەڕی ناوخۆ بوو، ڕاستە ناکۆکیەکان هەمیشە لە سەرچاوەی سیاسیەوە هەڵئەقولێت، بەڵام ئەگەر ئەم حزبانە لەشکری تایبەتی خۆیانیان نەبوایە، نەیان دەتوانی پەنابەرنە بەر شەڕی چەکدار بۆ بەلاداخستنی ناکۆکیەکانیان کە زۆر جار سیاسی نەبوون". (نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری دەشکێنن، س. پ. ل ١٣٦). هەر بۆیە جیابوونەوەی بزووتنەوە ڕیزەکانی یەکێتی پێشمەرگە و ڕێکخستنی تووشی شڵەژان کرد(چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڵێن عەبدوڵا، ٢٥/ ٢/ ٢٠١٥)[١٥].

هەردوولا هەوڵیان دەدا زۆرترین پێشمەرگە و زۆرترین کادرە دیارەکان لەگەڵ خۆیان ببەن.(مستەفا چاوڕەش، ٢٠١٤: ل ٢٠١٤). ئەم پێشبڕکێیە بۆ ڕاکێشانی هێزی چەکدار لە نێوان هەردوو لادا، ئەگەری پێکدادان و هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆی بەهێز دەکرد، تا لە ئەنجامدا جیابوونەوە بووە هۆی پێکدادانی چەکداری. لە نێوان پێشمەرگەکانی (ینک) و سۆسیالیستدا.(ئەحمەد بانیخێڵانی، ١٩٩٧: ل ٣٥٦-٣٥٧). ئەوە بوو زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی عێراق ئاژاوە و ناکۆکی و تێهەڵچوون لە نێوان هێزەکان پەرەیان دەسەند، سەرجەم دەنگوباسەکان سەبارەت بە پەرەسەندنی شەڕی براکوژی بوو، بەتایبەت لە نێوان چەکدارەکانی سەر بە ڕەسوڵ مامەند و تاهیر عەلی والی و د. مەحمود و چەکدارەکانی (ینك) لەماوەی چەند ڕۆژێك ژمارەیەك پێشمەرگە لە هەردوو لا کوژرا، زۆریشیان لە یەکتری چەك کرد.(فاتح رسول،١٩٩١: ل٥٠). شەڕی ناوخۆ کارێکی زۆری کردە سەر بیروبۆچوونی خەڵك سەبارەت بە خەباتی پێشمەرگە و پارتە سیاسییەکان، بووە هۆی نزمبوونەوەی ناوی پێشمەرگە، هاریکارینەکردنی پێشمەرگە لەلایەن دانیشتوانەوە، تەنانەت ئامادەنەبوون نان و خۆراك بە پێشمەرگە بدەن، بەڵام پێشتر هەر هەندەی بوار هەبوایە، گوندەکان نان و پێداویستیان بۆ بەرەکانی شەڕ بۆ پێشمەرگە دەبرد.(ئاسی ڕەباتی، ١٩٩٠: ل ٨٥). شەڕی ناوخۆ بوو بەهۆی لاوازبوونی مەعنەویاتی جەماوەری خەڵکی کوردستان بە شۆڕش.

بە هۆکاری ئەم شەڕانە دەیان قوربانی لە هەردوولای لێکەوتەوە، عادل مراد لەو بارەیەوە دەڵێت:"ئێمە چاکترین لاومان لە چەندین شەڕی خوێناویدا لە دەست داون کە بە درێژایی مێژوو ئەو شەڕانە خراپ بەسەر جوڵانەوەی کورد دا شکاونەتەوە و دەشکێنەوە، ئەم قارەمانانە ژیانی خۆیان بەخت کرد بۆ جێبەجێکردنی بیروڕای سیاسی. هەندێك سەرکردەی سیاسی کە کەش و هەوای سیاسییان لە کوردستاندا گرژکرد بەوەی لاوەکانیان بە ئاقارێکی سیاسی نێگەتیف ڕێنوینی کرد و قسەکانیان بوون بە گولەی ئەوتۆ کە بەر سنگەکان بکەون و سەدان کەس لە گۆڕەپانی وەهادا گیان لە دەست بدەن کە گۆڕەپانی ڕەسەنی خۆیان نەبووە".(چاوپێکەوتن لەگەڵ عادل موراد، ٦/١٧/ ٢٠١٥).

## ئەنجام

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان لە باشور، وەك پێویستییەکی مێژوویی و بۆ لەڕووداوەستانەوەی داگیرکەرانی کوردستان و ڕێگرییکردن لە زەوتکردنی مافەکانی گەلی کورد، و هەروەها بۆ خەباتکردن بۆ دابینکردنی مافە ڕەواکانی کورد، بە بەرزی و نشێویی زۆری دەرەکیی و ناوخۆییدا تێپەڕی کردووە، بەڵام ڕەنگە ئەوەی کە زۆرتر زیانی بە بزووتنەوەکە گەیاندووە، گوشارە دەرەکییەکان و قورسیی و سەختیی هێرش و پەلامارەکانی حکومەتە فەرمانڕەواکانی عێراق، بە هاوکاریی وڵاتانی تری دراوسێ نەبووە، بەڵکو ئەو ناکۆکییە ناوخۆییانەی ناو سەرجەم پارتەکان و ناوخۆی هەر پارت و هێزێکیش بۆ خۆی بووبێت. ئەو ناکۆکییانە، کە زۆرجار خوێناویی و شەڕەنگێزانە بووە و بە ڕشتنی خوێنی یەکتر و لەناوبردنی هێز و جەماوەری یەکتر کۆتایی هاتووە، لەبەردەم پێشکەوتنی

بزووتنەوەکە و پتەوکردنی گیانی دیموکراسیی و تەبایی ڕیزەکانی گەلی کورد ڕێگر بوون، تا کار گەیشتووەتە ئەوەی هەلی مێژوویی گەورەی وەك جەنگی ئێران – عێراق لەدەست بدەن و نەتوانرێت سوود لە سەرقاڵیی سوپا زۆر گەورەکەی ڕژێمی عێراق بەو جەنگەوە وەربگرن تا ئەگەر لە گۆڕەپانی ڕووبەڕووبوونەوەیشدا نەبێت، بەڵکو لەسەر مێزی گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێمدا بەیەکگرتوویی بتوانن دەستکەوتی زۆرتر بەدەست بێنن.

ئەو ناکۆکییانەی لە ناوەڕاست و نیوەی دووەمی شەستەکاندا لە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا هەبوو، لەگەڵ ئەوەی ساڵی ١٩٧٠ بە ئاشتبوونەوە کۆتایی پێهات، بەڵام کاتێك دوای هەرەسهێنانی شۆڕشی کورد ساڵی ١٩٧٥ هەندێك هێزی سیاسیی نوێ، بە فۆرم و ئایدیۆلۆژیای جیاوازەوە دروستبوو، سایەی ئەو ناکۆکییانە و چەند ناکۆکییەکی تر، کە زۆرتر پاشخانی کەسیی و هەندێکجار دەستوەردانی دەرەکییان هەبوو، بەسەر سەرجەمی بزووتنەوەکە و بەتایبەتی یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان نەڕەوییەوە. هەمووی چەند ساڵێك بەسەر دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانیی(ینك)دا تێنەپەڕی بوو، کە دیسانەوە ناکۆکییەکان لەنێوان بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و دوو باڵەکەی تری ناو ینك تەقینەوە و ئەمجارە، جگە لە کەرتبوونی یەکێتییەکە و دروستبوونی حیزبێکی نوێ، شێوەیەکی دوژمنایەتیی و خوێناوییشی وەرگرت، کە تا ساڵانێکی زۆر هێز و توانای هەردوو لایەنی دژبەیەکی گۆت کرد و بەمەش وزەیەکی زۆر و دەرفەتێکی زۆر بۆ بەرەپێشچوونی خەباتی ڕزگاریخوازیی لەدەستدرا .


## سەرچاوەکان:

**یەکەم: نامیلکە، بڵاوکراوە و ئەرشیفی پارت و ڕێکخراوەکان:**

1- یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بۆچی؟، وەرگێڕانی بۆ زمانی کوردی ئارام، چاپی ٤، سلێمانی ٢٠٠٠.

2- سەروەری یوبیلی زیوین و ئەرکەکانی داهاتوو، دەقی وتاری مام جەلال لە ئاهەنگی یوبیلی دامەزراندنی (ی . ن . ك) ، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ناوەندی ڕاگەیاندنی (ی .ن .ك)، سلێمانی، ٢٠٠٠ .

**دووەم: بڵاوکراوەکان:**

3 - ڕاپۆرتی سیاسی حزبی سۆسیالیستی کوردستان – عێراق کە لە نێوان (١٢-١٥) ئایاری ١٩٨١ بەسترا.

**سێیەم: یاداشت و بیرەوەری:**

4- عەبدولرەحمان گۆمەشینی: پوختەیەك لە بیرەوەرییەکانم ، چ٢، چاپخانەی شهاب ، هەولێر، ٢٠٠٣.

5 - ڕێباز: قەندیل بەغدای هەژاند یاداشتی پێشمەرگایەتی ١٩٧٦- ١٩٨٠، بەشی یەکەم ، هەولێر ،١٩٩٣.

6 - کەریمی حیسام: لە بیرەوەریەکانم ١٩٧٥- ١٩٧٩، بەرگی پێنجەم ، ستۆکهۆلم ،١٩٩١.

7- مستەفا چاوڕەش: یادەوەریەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٤.

8 - نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٧٥- ١٩٧٨، بەرلین، ١٩٩٧.

9- نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری دەشکێنن دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٧٩ – ١٩٨٣، چ٢، سلێمانی، ١٩٩٨.

10-نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە لە بازنەدا، دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٨٤-١٩٨٨، چاپ و بڵاوکردنەوەی مەڵبەندی ئاوەدانی کوردستان، ل ١٩٩٩.

**چوارەم: چاوپێکەوتن و گفتوگۆ:**

11- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئەرسەلان بایز، ٢٠١٥/٢/٢٤.

12- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئەشرەف تاڵەبانی، سلێمانی ١٦/ ٦/ ٢٠١٥.

13- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەڵێن عەبدوڵڵا، هەولێر ٢٥/ ٢/ ٢٠١٥ .

14- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ برایم جەلال، سلێمانی ٢٠١٥/٦/١٦.
15- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عدنان موفتی، هەولێر ، ٢/٥ / ٢٠١٥.
16- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عادل موراد ، سلێمانی ، ٦/١٧/ ٢٠١٥
17- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ فەرەیدون عەبدولقادر، سلێمانی، ٢٠١٥/٢/١٨.
18- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ مامۆستا جعفر، سلێمانی، ٢٠١٥/٢/١٠.
19- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ محمد شاکەلی، هەولێر، ١ / ٢٠١٥/٢ .
20- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ محمود عوسمان، هەولێر ٢٣/ ٢/ ٢٠١٥.
21- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ مسعود عبدالخالق، هەولێر، ٢٠١٥/٧/١٥.
22- چاوپێکەوتنی توێژەر لە گەڵ محەمەدی حاجی مەحمود، سلێمانی، ٢٠١٥/٢/٩.
23- نامەی قادر عەزیز بۆ توێژەر لە ڕێگای پۆستی ئەلکترۆنیەوە.

**پێنجەم: کتێب:**

**أ- بە زمانی کوردی:**

24- ئاسی ڕەباتی: هەڵوێستی یەکێتی و تاڵەبانی دەربارەی شۆڕشی کوردستانی باشور، چاپی دووەم، سوید، ١٩٩٠.
25- ئامانج حەسەن ئەحمەد: ئیبراهیم ئەحمەد ڕۆڵی لە بزاڤی ڕزگاریخوازی و ڕووناکبیری گەلی کورد دا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩.
26- ئەرسەلان بایز (دکتۆر): ڕۆژانی سەخت، سلێمانی، ٢٠٠٥.
27- ئەمین قادر مینە: ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان: تەرحیل، تەعریب، تەبعیس، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیرانی(ی . ن . ك)، سلێمانی، ٢٠١٢.
28- ئەحمەد بانیخێڵانی: بیرەوەرییەکانم، ستۆکهۆڵم - سوید، ١٩٩٧.
29-بەهرۆز گەڵاڵی : ڕەسوڵ مامەند ٥٠ سال تەمەن ٣٣ ساڵ خەبات، چ٣، سلێمانی، ١٩٩٨.
30- جەمال فەتحوڵڵا تەیب (دکتۆر): بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان (١٩٧٥/٣/٢١-١٩٨٠/١١/٢٨) لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، چ١ ،چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٢.
31- دیڤید مەکداول: مێژووی هاوچەرخی کورد، وەرگێڕانی لە فارسیەوە، ئەبوبەکر خۆشناو، چ٢، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥.
32- رەهبەر سید برایم: رزگاری دەنگی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، بنکەی ژین، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١١.
33- سەروەر عەبدولرەحمان عومەر: یەکێتی ی نیشتمانیی ی کوردستان دامەزراندن و دەست پێ کردنەوەی شۆڕش ١٩٧٥-١٩٧٦، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی/ سیاسی یە، چ١، سەنتەری چاپ و پەخشی نما، سلێمانی، ٢٠٠٢.
34- سەلام عەبدولکەریم: ژیانی سیاسی لە باشووری کوردستان ١٩٧٥-١٩٩١ سەرهەڵدانی رەوتی سۆسیالیستی و دروستبونی حزبی سۆسیالیستی کوردستان، چ١، ب .ش ، ٢٠١١.
35- شاخەوان شۆرش: قادر شۆڕش چل ساڵ خەبات و تێکۆشان دیوی ناوەوەی هەندێ لایەنی مێژوویی خەباتی نەتەوەی کورد لە نێوان ساڵی ١٩٤٦- ١٩٨٣دا، چ٢ ، کوردستان، ٢٠٠٢ .
36- شاسوار جەلال (ئارام ) هەڵبژاردەکان، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری پێگەیاندنی کادران، سلێمانی، ٢٠١٢.
37- چەند لاپەرەیەك لە مێژووی یەکێتی ی نیشتمانیی ی کوردستان، کۆمەڵێك گوتار و چاوپێکەوتن، کتێبی روناکبیری، سلێمانی ، ئابی ٢٠٠٢.
38- گەراس ئارِ. ڤی. ستانسفێلد: کوردستانی عێراق پەرەسەندنی سیاسی و پشکووتنی دیموکراسی، وەرگێڕانی: یاسین سەردەشتی، چ١، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠١٠.
39- فاتح ڕەسوڵ: چەند لاپەڕەیەك لە مێژوویی خەباتی گەلی کوردمان (ڕووداو و بەڵگە)، چاپی یەکەم، بەرگی یەکەم، سوید ١٩٩٠.
40. فاتح رسول: چەند لاپەرەیەك لە مێژووی خەباتی گەلی کوردمان، ڕووداو و بەڵگەنامە، بەرگی دووەم، سوید، ١٩٩١.
41-فەرید ئەسەسەرد: ڕەهەندەکانی بیری سیاسی کورد پاش جەنگی دووەمی جیهانی، بڵاوکراوەی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، چ٢، سلێمانی، ٢٠١٢.

42- کۆمەڵێك چاوپێکەوتن: کۆمەڵە لە سێدارەوە بەرەو ڕاپەڕین بەشێک لەژیاننامەی شەهیدان (خاڵە شەهاب و جەعفەر و ئەنوەر)، چ٢، سلێمانی ، ٢٠١٣.

43- کۆمەڵێك هاوڕێی شەهید: پیاونامە گوڵبژێرێکی ژیاننامەی شەهیدی نەمر عەلی عەسکەری، ئامادەکردنی : حەمەنوری تۆفیق، چ ١، سلێمانی، ٢٠٠٤.

44- لیۆ شاوشی: ململانێ ی ناوخۆی حزب، و : یوسف شریف، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ناوەندی رۆشنبیری کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان ١٩٨٥.

45- م. س. لازاریف وئەوانی تر: مێژووی کوردستان، و: وشیار عەبدوڵلا سەنگاوی، چ١، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢.

46-مەلا بەختیار: شۆڕشی کوردستان و گۆڕانکارییەکانی سەردەم( خەباتی شاخەکان، یان ڕاپەڕینی شارەکان ؟) ، چ٤، چاپخانەی دلێر، سلێمانی ، ٢٠١٥.

47- مەلا بەختیار: یاخیبوون لە مێژوو( لێکدانەوەی ئاوەژوونەکردنی راستیەکان )، ب. ش، نەورۆزی ١٩٩٨

48- محەمەد فاتیح: حزب و رێکخراوە سیاسیە عیراقییەکان١٩١٠- ٢٠١٠، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی، ٢٠١٢.

49-محمد شاکەلی: لە بزووتنەوەوە بۆ حزبی سۆسیالیستی کوردستان ١٩٧٦_ ١٩٩٣ لاپەڕە هەڵنەدراوەکان (بیرەوەری)، چاپخانەی کارۆ، کەرکوك، ٢٠١١.

50- مسعود عبدالخالق: ناسنامەی حزبە کوردستانییەکان ( ڕەوتیان - ئایدۆلۆژیان - هەڵسەنگاندنیان)، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٢.

51- موحسین عەلی ئەکبەر: چەپکێکی ژاکاو لە مێژوویەکی هەڵبەستراو،چ١، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی ، ب. ش، ٢٠١٢.

52- نەوزاد عەلی ئەحمەد: پشکۆیەك لە خۆڵەمێشدا بەشێکی گرنگ لە ژیاننامەی هۆمەر شێخمووس، چ ١، سوید، ٢٠١٠.

53- یاسین سەردەشتی: کوردستانی ئێران لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لەجوڵانەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد (١٩٣٩-١٩٧٩)، چ ٢، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠١١.

54- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان: یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان سەرهەڵدان و نوێبوونەوە، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی. ن . ك)، ب. ش، ٢٠٠٥.

**ب  بە زمانی عەرەبی:**

55- صلاح الخرسان: التيارات السياسية فی كردستان العراق، قراءة فی ملفات الحركات و الاحزاب الكردية فی العراق ١٩٤٦– ٢٠٠١، گ١، دار البلاغة للطباعه والنشر، بيروت، ٢٠٠١.

56- مايكل إم.  غينتر: كورد العراق آلام و آمال، ت: عبدالسلام محمد رؤوف النقشبندی، دار آراس للطباعة والنشر، ط١، أربيل، ٢٠١٢.

57- زوزان صالح اليوسفی: صالح اليوسفی ١٩١٨-١٩٨١ (صفحات من حياته ونضاله الوطنی مع ديوانه الشعری الكامل )، دهوك ، ب.س.

**شەشەم: توێژینەوەی زانستی:**

58- شەیما سەعید حەمەلاو: کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران – کومەڵە( سازکا ) ١٩٦٩-١٩٨٨( توێژینەوەیەکی مێژوویی - سیاسییە )، ماستەر نامە (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ بەشی مێژوو، ٢٠١٤.

**حەوتەم/ ئینسکلۆپیدیا:**

59- ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتیمانی کوردستان: چ٢ ، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، ٢٠١٤.

**هەشتەم: گۆڤارەکان:**

60- ئەحمەد حەمەد ئەمین: بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان (١٩٧٥-١٩٨٢) توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، گۆڤاری "کەلتور"، ژمارە (٩) ساڵی چوارەم، نیسانی ٢٠١٣.

61- جوامێر: بەرەو پێکهێنانی حزبی پێشڕەوی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان، گۆڤاری (کۆمەڵە)، ژمارە (٣)، زستانی ١٩٧٩.

62- د . فواد مەعسوم: من سالأنە لە ٥/٢٢ دا یادی (ی. ن. ك) ئەکەمەوە، گۆڤاری (خاك)، ژمارە (١٣٢) حوزەیرانی ٢٠٠٨.

63- د. کەمال فواد: سەرەتاکانی دامەزراندن و دەستپێکردنەوەی شۆڕش دەگێڕێتەوە، گۆڤاری (ڕێبازی نوێ)، ژمارە (١٩)حوزەیرانی ٢٠٠٠.

64- د. دلێر ئەحمەد: ئەو بارودۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتیەی(ی .ن .ك) ی تێدا لە دایك بوو، گۆڤاری (ڕێبازی نوێ)، ژمارە(١٩)، حوزەیرانی ٢٠٠٠.

65- گۆڤاری کۆمەڵە: ئامادە کردنی نەوزاد عەلی ئەحمەد، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی ، سلێمانی ، ٢٠١٢.

66- فەرەیدون عەبدولقادر لە زەمینە و سەرەتا و دامەزراندنی یەکێتی ی نیشتمانیی ی کوردستان دەدوێ، گۆڤاری (ڕێبازی نوێ)، ژمارە (١٥).
67- مەلا بەختیار: بەهای خەباتی نهێنی لە (٢٥) ساڵ خەباتدا، گۆڤاری (ڕێبازی نوێ)، ژمارە (١٩) حوزەیرانی ٢٠٠٠.
68- نەوزاد عەلی ئەحمەد: جاڕی شۆڕشی نوێ، گۆڤاری (ڕێبازی نوێ ) ژمارە( ١٥).
**نۆیەم: ڕۆژنامەکان:**
69- ڕۆژنامەی(کوردستانی نوێ): چاوپێکەوتن لەگەڵ د. فواد مەعسوم، ژمارە (١٦٢٤) ، ١٩٩٨/٦/١.
70- ڕۆژنامەی(کوردستانی نوێ): چاوپێکەوتن لەگەڵ مام جەلال، ژمارە (١٢٩٨)، ١٩٩٦/٦/٢.
71- عادل موراد: کوردستان و (ی. ن. ك) نیشتیمانی کوردستان، ئەڵقەی (١٩)، ڕۆژنامەی "کوردستانی نوێ"، ژمارە (٥٢١٩)، ٢٠١٠/٧/٢.
72- عادل موراد: کوردستان و ( ی . ن . ك ) مێژوو و ئاسۆ (ئەڵقەی٩ )، ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە (٥٢٠٨)، ٢٠١٠/٦/٢٠.
73- عادل موراد: کوردستان و ( ی . ن . ك ) نیشتیمانی کوردستان، ئەڵقەی (٢١) ، ڕۆژنامەی "کوردستانی نوێ"، ژمارە(٥٢٢٠)، ٢٠١٠/٧/٤ .

---

**پەراوێزەکان:**

١ عادل موراد: ساڵی ١٩٤٧ لە بەغدا لە دایکبووە، قۆناغەکانی خوێندنی لە شاری بەغداد تەواو کردووە، ساڵی ١٩٦٤ لە بەغداد پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی (پ. د. ك) کردووە، ساڵی ١٩٦٦ لە بەشی کیمیای کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی بەغداد وەرگیراوە، ساڵی ١٩٦٩ وازی لە خوێندن هێنا و بوو بە پێشمەرگە، ساڵی ١٩٧٥ دەچێتە سوریا یەکێکە لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی، لە کانونی دووەمی ١٩٧٩ گەڕایەوە کوردستان لە "ناوزەنگ" گیرسایەوە تا ١٩٨١ پەیوەندیی کرد بە حزبی سۆسیالیستی کوردستانەوە ، ساڵی ١٩٩٤ پەیوەندیی بە یەکێتی کردەوە و بووە بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی، ساڵی ٢٠١٢ بوو بە لێپرسراوی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی. (چاوپێکەوتن لەگەڵ ناوبراو).

٢ عەبدولرەزاق عەزیز (فەیلی): ساڵی ١٩٤٥ لە شاری بەغداد لەدایکبووە، ساڵی ١٩٦١ دەبێتە ئەندامی ڕێکخستنی (پ . د .ك) ، ساڵی ١٩٧٢ دەبێتە سکرتێری گشتی یەکێتی لاوانی کوردستان. ساڵی ١٩٧٥ وەك ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر بەشداربوو لە دامەزراندنی (ی . ن . ك)، ساڵی ١٩٩٢ گەڕایەوە کوردستان و بوو بە کارگێڕی مەڵبەندی یەکی سلێمانی (ی . ن . ك)، ساڵی ٢٠١٠ بوو بە لێپرسراوی بەشی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (ی . ن . ك). (ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتیمانی کوردستان: چ ٢، لە بڵاکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، ٢٠١٤، ل٤٩٥) .

٣ هۆمەر شێخمووس : ساڵی ١٩٤٢ لە شارۆچکەی " عامودا " لە ڕۆژئاوای کوردستان لە دایك بووە. ساڵی ١٩٦٣ سوریا بە جێ دەهێڵێت و لە بەریتانیا نیشتەجێ دەبێت. لە کاتی سەرهەڵدانی ناکۆکی ناوخۆیی (پ . د . ك) لایەنگری باڵی م. س. ساڵی ١٩٧٦ لە ئەمریکا نیشتەجێ دەبێت و دەبێتە بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتی. ساڵی ١٩٧٨ دەگەڕێتەوە باشووری کوردستان و دەبێت بە ئەندامی م. س. یەکێتی. ساڵی ١٩٨٥ گەڕایەوە سوید وازی لەهەموو بەرپرسیارێتیەك هێنا. (لە دیمەشقەوە بۆ بەرلین: سەرگوزشتەی یەکەم بەیاننامەی یەکێتی بیرەوەرییەکانی هۆمەر شێخمووس ، گۆڤاری"کەلتور"، ژمارە (٥) ساڵی سێهەم ، کانونی دووەمی ٢٠١٢).

٤ پێکهاتبوون لە: عومەر شێخموس، د.کمال فواد، د. فواد معسوم، عادل مراد، عبدالرزاق فەیلی، کە سەر بە باڵی هێڵی گشتی بوون لە نێو دەستەی دامەزرێنەری (ی.ن.ك). بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (سەروەر عبدالرحمان: س. پ.، ل١٠٣).

٥ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆچی؟، وەرگێڕانی بۆ زمانی کوردی ئارام ، چاپی ٤، سلێمانی ٢٠٠٠).

٦ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، لیۆ شاوشی: ململانێی ناوخۆی حزب، و: یوسف شریف، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ناوەندی ڕۆشنبیری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان ١٩٨٥).

٧ چاوپێکەوتن لەگەڵ محمد فاتح، هەولێر، ٢٠١٥ /٣/٢ (محمد فاتح ساڵی ١٩٤٦ لە شاری کەرکوك لەدایکبووە، ساڵی ١٩٦٥ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی پارتییەوە کردووە، ساڵی ١٩٧٦ بەشدار بووە لە دامەزراندنی بزووتنەوەی سۆسیالیستی و بووەتە بەرپرسی لقی کەرکوکی بزووتنەوە، ساڵی ١٩٧٩ دەچێتە شاخ و لە یەکەم کۆنگرەی حزبی سۆسیالیستی یەکگرتوودا دەبێتە ئەندامی سەرکردایەتی)..

٨ نەخشەی ڕزگاری: ئەم پلانە لە ( ٢٣-١٩٧٦/٥/٢٤ ) دا لە شام لە لایەن جەلال تاڵەبانیەوە پێشکەش کرا، لەلایەن کادرانی سەربازی و دەستەی دامەزرێنەرانی یەکێتییەوە پەسەند کرا، بووە یەکەمین پرۆژەی (ی. ن. ك) بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری.( نەوشیروان مستەفا ئەمین: لەکەناری دانوبەوە، ل ٨٧-٨٩).

٩  فازیل کەریم ئەحمەد (مامۆستا جەعفەر ) ساڵی ١٩٥٢ لە خانەقین لەدایك بووە، کاری سیاسی لەناو  یەکێتی قوتابیانی کوردستان دەستپێکردووە ، دواتر دەبێتە ئەندامی پارتی و لەگەڵ باڵی م. س کاریکردووە، لە ئەندامە بەرایییەکانی کۆمەڵە بووە لە شاری خانەقین، ساڵی ١٩٧٧ دەبێتە پێشمەرگە، دوای کۆنفرانسی یەکی کۆمەڵە بەهۆی بیر و بۆچوونی جیاوازەوە دەچێتە دەرەوەی وڵات.

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ڕاپۆرتی سیاسی حزبی سۆسیالیستی کوردستان – عێراق، کە لە نێوان (١٢- ١٥ ) ئایاری ١٩٨١ بەسترا. ١٠

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (راپۆرتی سیاسی حزبی سۆسیالیستی کوردستان، ١٩٨١، ل ١٩-٢٠). ١١

بڕوانە: کۆمەڵەی مارکسی  لینینی کوردستان: وەڵامی نامەی سەرکردایەتی کاتی پارتی (ق.م)، مارت ١٩٧٩. ١٢

١٣  حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران: لە ٢٥ تشرینی یەکەمی ١٩٤٥دا حدکا بە بەشداری ژمارەیەکی زۆری کەسایەتیە ناسراوەکانی کوردستان و ئەندامانی کۆمەڵەی (ژ.ك) یەکەم کۆنگرەی خۆی بەست، قازی محەمەد بوو بە پێشەوای حزب و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حزب پێکهێنراو،  دوای روخانی کۆمار تا ساڵی ١٩٧٩ تەنها جوڵانەوەی ساڵی ١٩٦٧-١٩٦٨ گرنگترین  لایەنن لە مێژووی ئەم حزبە، دوای ساڵی ١٩٧٩ ئەم حزبە بە ڕێبەرایەتی دکتۆر قاسملو  جارێکی تر خەباتی ئاشکرای خۆی دەستپێکردەوە، بەرهەڵستی دەسەڵات و سیاسەتی رژێمی کۆماری ئیسلامی کرد. ( یاسین سەردەشتی: کوردستانی ئێران لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە جوڵانەوەی رزگاریخوازیی نەتەوەیی گەلی کورد ( ١٩٣٩-١٩٧٩)،  چ ٢، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠١١، ل٢٠٥-٢٢٠)..

١٤  کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران: لە پایزی ساڵی ١٩٦٩ دا لە رۆژهەڵاتی کوردستان و لە ژێر کاریگەریی بارودۆخی ناوخۆیی ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستاندا وەك پارتێکی چەپ لە ژێر ناوی تەشکیلاتدا دامەزرا، و دواتر لە ١٥ی شوباتی ١٩٧٩ دا بە فەرمی خۆیان راگەیاند ، فوئاد مستەفا سوڵتانی وەك یەکەم سکرتێری ئەم ڕێکخراوە دەستنیشانکرا و کۆمەڵە  رۆڵێکی بەرچاوی لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستان و بەرپەرچدانەوەی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە گەلی کورد هەبوو. بڕوانە:( شەیما سەعید حەمەلاو: کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران – کومەڵە( سازکا ) ١٩٦٩-١٩٨٨( توێژینەوەیەکی مێژوویی - سیاسییە )، ماستەرنامە (بڵاونەکراوە) ، زانکۆی سلێمانی ، سکولی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ بەشی مێژوو ، ٢٠١٤).

١٥ بەڵێن عەبدوڵا: ١٩٥٧ لە ناحیەی قوشتەپەی سەر بە پارێزگای هەولێر لەدایك بووە، ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی بە بزوتنەوەی سۆسیالیستیەوە کردووە، ساڵی ١٩٨٠ بووەتە پێشمەرگە لە ریزەکانی (ب. س. ك)، ئەندامی دامەزرێنەری حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانە، ئێستاش سکرتێری حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانە.